# ڕۆڵی ئافرەتانی هەولـێر لە ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان لەژێر ڕۆشنای ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردیەکان لەماوەی 1975-1991ز

م . نجم الدين عبدالله اسماعيل

بەشی مێژوو - کۆلێژی ئاداب - زانکۆی سەڵاحەدین - هەولێر

Email: najmaddin.ismael@su.edu.krd

DOI: https://doi.org/10.31972/ISCHKK19.012

**پوختـــــــــە**

ئەم بابەتە بریتییە لە توێژینەوەیەکی مێژوویی دەرباری ڕۆڵی ئافرەتانی هەولـێر لە ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتونۆمی کوردستان لەژێر ڕۆشنای ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردیەکان لەماوەی 1975-1991ز کە تیایدا هەوڵدراوە ڕۆڵ وپێگەیی ئافرەتانی هەولێرلەم ئەنجومەنە ولێژنەکانی بەشێوەیەکی زانستی بخرێتەڕوو . ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە پێشەکیەك وسێ تەوەر.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە تیشك بخرێتە سەر ڕۆڵی ئافرەتانی شاری هەولێر وەك چینێکی زیندووی ناوکۆمەڵگای کوردستان لەناو ئەنجومەنی یاسادانان و کاریگەریان لەسەر بارودۆخی سیاسی وکۆمەڵایەتی وڕۆشنبیری وتەندروستی لەژێر ڕۆشنای ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردیەکان لەماوەی 1975-1991ز. سەرباری ئەوەی لەوماوەیەدا حکومەتی عێراق چاودێریەکی توندی خستبوە سەر هەموو بوارەکان ،هەر چەندە ئەو دام ودەزگایانە ئافرەتانی هەولێر لەناوی کاریان دەکرد سەر بەحکومەت بوو ، بەڵام زۆربەی دەسەڵاتەکان لەژێر دەستی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی دا بوو ، لەگەڵ ئەوەشدا ئافرەتانی هەولێر بەپێی تواناو دەسەڵاتەکانیان توانیان ڕۆڵی سیاسی وکۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەیی و ڕۆشنبیری خۆیان بگێرن ، ئەو ڕۆلانەی ئافرەتانی هەولێر ئەرێنی بوو لەلایەك بەهۆی ئەندامیەتیان لە لیژنەکان ، لەلایەکی تریش لەرێگەی ئەو نووسین و بابەتە سیاسی وکۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریانەی کەلەگۆڤارو ڕۆژنامەکوردیەکان بڵاویان دەکردەوە.

کليلي تويَذينةوة: (ئافرةت – هةوليَر – ئةنجومةن – ياسادانان – رؤذنامة – طؤظار )

## پێشەکی

ئـ افرەت وەك بەشێکی گرنگ وزیندووی ناو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ولە نێویشیاندا کۆمەڵگەی کوردستان ، ڕۆڵ و پێگەیەکی بەهێز و کایگەریان لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بینیووە، هەر بۆیە لێکۆلینەوە و بایەخدان بەڕۆڵ و پێگەی ئافرەتانی کورد و کار و چالاکیەکانیان پێویستیەکی مێژووییە . بەتایبەتی دوای ئەو گۆڕانکارییە خێرایەی کە لەڕووی سیاسی وئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ڕوویاندا،و کاریگەری لەسەر ڕۆڵ و پێگەی ئافرەتانی کورد بەشێوەیەکی بەرچاو بەدەرخستووە ، بەڵکو ئافرەتانی کورد بەگشتی وئافرەتانی شاری هەولێر بەتایبەتی لەو بوارنەی

كە بۆی ڕەخساوە توانا و لێهاتووی خۆی تیادا بەدیار خستووە ، جگە لەبوونی ڕۆڵێکی گرنگ لەناو خێزاندا هاوبەشیان لە بوارەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریشدا کردووە.

نووسین و شیکردنەوەی ڕۆڵی ئافرەتانی هەولێرلە ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لەکوردستان لەڕوانگەی بایەخی ئەو ماوە مێژوویەدا کارێکی ئاسان نیە، بەڵام دیارخستنی ئەوەندە لەپێویستیەکی مێژووییە هەرچەندە ژمارەی ئەو ئافرەتانەی شاری هەولێر کە لەناو ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کاریان کردووە ژمارەیان کەمن ، لەژێر فەرمان و ڕاسپاردەکانی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی حوکمڕان لەعێراقدا کاریان کردووە،بەڵام ڕۆڵی گرنگیان لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشبیرییدا گێراوە ، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بۆ خستنە ڕووی ڕۆڵی ئەو ئافرەتانەی شاری هەولێر لەئەنجومەنی ناوبراو دا کە لەماوەیەکی مێژووی گرنگ و هەستیاردا ڕۆڵیان گێراوە.

سەبارەت بە گرفت و ئاستەنگەکانی ئەو توێژینەوەیە، نەبوونی ئەرشیفێکی تایبەت کە تێکڕای بەڵگەنامە وکار و داتاکانی تایبەت بە دەزگای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستانی تێدا پارێزراو بێت،هەروەها لەناوچوونی زۆربەی بەڵگەنامەکانی تایبەت بەدەزگای ئەنجومەنی یاسادانان و ڕاپەڕاندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لەئەنجامی ڕاپەڕینی بەهاری 1991ی خەڵکی کوردستانەوە بووە ، لەلایەکی تر سەرباری ئەوەی یەکێك لەو ئافرەتانەی کە لەناو توێژینەوەکەدا ناوی هاتووە لەدەرەوەی کوردستان دەژی و ئەویتریشیان لەژیان نەما ، هەروەها بەهۆی ئەوەی کە ئەم قۆناغە بە قۆناغێکی تاریك وپەسەن نەکراو سەیر دەکەن بۆیە بەبیانووی هەمەجۆر ئامادەی دیدار کردن نەبوون .

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە پێشەکیەك وسێ تەوەری ، تەوەری یەکەم باس لەبارودۆخی سیاسی شاری هەولێر لەساڵانی 1975-1991 و ئەزموونی ئۆتۆنۆمی لەباشووری کوردستاندا دەکات، تەوەری دووەم تەرخانکراوە بۆ ناساندنی ئەو ڕۆژنامە وگۆڤارە کوردیانەی کە باس لەڕۆڵی ئافرەتانی شاری هەولێر لەئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان وکاروچالاکییە سیاسی وکۆمەڵایەتی وڕۆشنبیریەکانیان دەکەن ، تەوەری سێیەم : باس لەڕۆڵی ئافرەتانی شاری هەولێر لەئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان لەڕووی سیاسی وکۆمەڵایەتی وڕۆشنبیری دەکات. توێژنەوەکەمان پشتی بەستووە بەچەند کتێب وسەرچاوە و ڕۆژنامە وگۆڤاری کوردی جۆراوجۆر کە باس لەڕۆڵ وپێگەی ئافرەتانی شاری هەولێر لەئەنجومەنی یاسادانان و کاریگەری لەسەر لایەنی سیاسی وکۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری شاری هەولێردا دەکەن .

## 1 - بارودۆخی سیاسی شاری هەولێر (1975-1991)

حکومەتی عێراق بەر لەوەی لە 11ی ئاداری 1974 یاسای ئۆتۆنۆمی ژمارە (33) بۆ ناوچەکانی کوردستان ڕابگەیەنێت سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بۆ ئەوەی بەندەکانی بەیاننامەی 11ی ئادار جێ بەجێ بکات و ناوچەکانی کوردستان لە هەڵگیرسانەوەی شەڕ دووربخاتەوە ، پرۆژەیەکی تایبەت بە ناوچەکانی ئۆتۆنۆمی پێشکەش بە حکومەت دەکات، کەتیایدا داوای درێژکردنەوەی ئاگر بەستیان بۆ ماوەی شەش مانگ کرد ، بەڵام لەلایەن حکومەت پەسەند نەکرا، بەڵکو ڕایان گەیاند کە ناوچەکانی ئۆتۆنۆمی تەنها پارێزگاکانی (هەولێر ، سلێمانی ، دهۆك ) دەگرێتەوە **( الزهاوی، 2004، ص170)** هەر یەك لەناوچەکانی کەرکووك وشەنگار وشێخان وخانەقین ومەندەلی وجەلەولا بەشێك نین لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی **( دەنگی پێشمەرگە ، ژ125 ، ئابی 2008، ل14.)**

دوای ئەمە سەکردایەتی سیاسی کورد هەوڵی دا لەڕێگەی دانوستاندا بگەنە ڕێکەوتن ، بەڵام هەوڵەکە بێ ئاکام بوو**(دیدار لەگەڵ محەمەد مەلاقادر ،هەولێر ،9ی ئادار2017)** . لەلایەکی تر حکومەتی عێراق بەهاوکاری ئەندامانی بەرەی نیشتمانی پێشکەوتنخواز کە پێکهاتبوون لە( حزبی بەعس و حزبی شیوعی عێراق) و چەند حزبێکی کوردی سەر بەحکومەت هەوڵەکانیان چڕ کردەوە بۆ جێ بەجێ کردنی یاسای ئۆتۆنۆمی ، لەم پێناوەدا حکومەت هەردوو دەزگای ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن و ئەنجومەنی یاسادانان دامەزراند **( قانون الحكم الذاتي لمنطقة كوردستان ،1974، ص15)** . لە 5ی تشرینی یەکەمی 1974 سەرۆکایەتی ئەنجومەنی یاسادان و جێگرەکەی و سکرتێری ئەنجومەن داندرا کەپێکهاتبوون لە بەکر مەحمود پشدەری سەرۆکی ئەنجومەن و ئیحسان هەیبە تۆڵڵا موفتی جێگرو وئیسماعیل ڕەسول ئەحمەد وەك ڕازگر(سکرتێر ) **( محاضر جلسات ....... ، 1975،ص35).**

حکومەت لەڕووی سەربازیشەوە لەڕێگای سوپاوە لە هێرشەکانی بۆ سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەردەوام بوو،کە بەسەر چەند بەرەیەك دا دابەش کردبوو **(برونیسن ،2007،ص ص82-83 )** ، لە سەرەتایی 1975 ناوچەکانی باڵەك و ڕواندز و سۆران کەوتنە بەر شاڵاوی هێرشەکانی سوپای عێراق . بەهەمان شێوەی پێشتر ماوەیەك چەند ناوچەکەیان خستە ژێر دەست ،بەڵام دواتر تووشی شکست دەهاتن **(عقراوی ، 2007، ص376)** . دوا بەدوای ئەو شکستانە حکومەت گەیشتە ئەو بڕوایەی کەناتوانێ بەزەبری هێز کۆتایی بەشۆڕشی کوردستان بێنێ ،جگە لەوەش هیچ هیوایەکی بەسەرکەوتنی سەربازی نەبوو ،لەلایەکی تر ئامادەش نەبوو مل بۆ ماف وخواستە نەتەوەیەکانی گەلی کورد و داواکاریەکانیان کەچ بکا ،بۆیە بەناچاری لە6ئاداری 1975ڕێککەوتننامەی جەزائیر، لەگەڵ وولاتی ئێران مۆرکرد **( دەنگی پێشمەرگە، 2001، ل ل 40-41).**

دوای ئەوەی حکومەتی عێراق سەرکەوت لەکۆتایی پێهێنانی شۆڕشی نەتەوەیی کورد، لەچوار چێوەی بیرۆکەیەکی تاك لایەنەی تایبەت بەناوچەکانی کوردستان کەوتە جێ بەجێ کردنی مەرامەکانی بەناوی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان ، بەڵام ئەو مەرامەی حکومەت بۆ بنبڕکردنی هەموو ماف و ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی کوردستان بوو، شاری هەولێریش وەك هەموو شار و شارۆچکەکانی دیکەی کوردستان هەمان سیاسەتی تێدا پەیڕەو دەکرا ، بەڵام ئەوەی جیایی دەکردەوە لەشوێنەکانی تر ئەوە بوو کەسانسۆڕێکی زیاتر و توندتر لەسەر ئەو شارەدا هەبوو، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە شاری هەولێر ببووە مەڵبەندی دەسەڵاتی ناوچەکانی ئۆتۆنۆمی و دام و دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی لەم شارەدا بوون . هەر دوای دامەزراندنی ئەم دەزگایانە سیاسەتی گرتن لە ناوەڕاستی ساڵی 1974 لەهەولێر دەستی پێکرد و ژمارەیەکی زۆر خەڵك بەبیانووی جۆراو جۆری سیاسی دەستگیرکران و ژمارەیەکیان لەسێدارە دران **(خۆشناو ، 2002، ل280)** .

لەگەڵ ئەوەشدا حکومەت لە ڕێگەی دەزگاکانی ئەمن و هەواڵگرەکانیەوە کەوتە گیانی هاوڵاتیانی شاری هەولێر ڕۆژانە پیاوانی حکومەت بەناو هەموو کوچەو کۆڵانەکانی شاردا دەسووڕانەوە،هەر کەسێك جێگای گومانی ئەوان بووایە لێپێچینەوەیان لەگەڵ دەکرد هەر لەو ماوەیەدا دەستی کرد بە ڕەوانە کردنی سوپا بۆ شاری هەولێر **(بایز ، 2005، ل ل 34-35).**

ئەو سیاسەتەی کەحکومەت لەشاری هەولێر پەیرەوی دەکرد تەنها داڕوخاندنی ژێر خانی سیاسی وسەربازی جوڵانەوەی کوردی نەبوو بە تەنها، بەڵکو هەڵوەشاندنەوەی تایبەتمەندێتی نەتەوەیی و ژێرخانی کۆمەڵایەتی و ئابووریش بوو، چونکە ئەو بەرنامەی کە لە کوردستان جێ بەجێ ی دەکرد خۆی لە ڕاگواستن و بەعەرەبکردن و بەبەعسی کردنی خەڵکی کوردستان دەبینیەوە **( مینە،1999، ل263)** . حکومەت دوای ڕێکەوتنامەی جەزاشیر 1975نکۆڵی دەکرد لە هەر پەیوەندیەکی مێژووی کە گەلی کورد بەخاکی باب و باپیرانییەوە ببەستێتەوە ،لەهەمان کاتدا ویستویانە گەلی کورد لە بۆتەی نەتەوەی عەرەبدا لە قالب بدەن تابتوانن یەکێتی نەتەوەیی کورد تێك بدەن ،حکومەت لەپێناو هێنانە دی ئەو ئامانجانەیدا لە هەوڵی بێوچاندا بوو،هەر بۆیە بەپەلە کەوتنەخۆ بۆ جێ بەجێ کردنی پرۆسێسی ڕاگواستن و بەعەرەبکردن، ئەمەش زیاتر بە مەبەستی لێکدابڕانی نەتەوەی کورد لە سەر خاکی کوردستان بوو **(دیدار لەگەڵ محەمەد مەلا قادر، پیرمام ،22نیسان 2017).**

سیاسەتی بە بەعسی کردن یەکێکی تر بوو لەو سیاسەتانەی کە حکومەتی عێراق بەرامبەر بەخەڵکی شاری هەولێر پەیرەوی دەکرد ، سیاسەتی بەبەعسی کردن خەسڵەتێکی تۆتالیتارییانەی گشتی هەبوو بە جۆرێك هەموو ئەو کەسانەی دەگرتەوە کە کاربەدەست وفەرمانبەرانی دەولەت بوون ،ئەوەی پابەندی مەرجەکانی حکومەت نەبوایە دووچاری بێکاری و دەرکردن لەکار دەبۆوە. لەشاری هەولێر بەمەبەستی جێ بەجێ کردنی سیاسەتی بەبەعسی کردن دەستی کرد بە کردنەوەی ڕێکخراو و بارەگای حزبی تایبەت لەوانە (ڕێکخراوی قوتابیان ولاوان ،ڕێکخراوی ئافرەتان ، ڕێکخراوی مامۆستایان و دانانی بارەگای حزبی وەك فرقەی یەرموك وفرقەی ئینتسار وفرقەی فاروق ومەنزومەی ئیستخباراتی ومەنزومەی باکوور وهتد. **(ئیسماعیل ، 2016، ل202).**

لەماوەی شەڕی عێراق ئێران 1980-1988 ، باشووری کوردستان بەهۆی شوێنە جوگرافیەکەی کەوتبووە ژێر کاریگەری جەنگەکە ، حکومەتی عێراق بەهۆی ئەوەی لەناوچەکانی کوردستان دەسەڵاتی لاواز بوو ،بۆیە

هەوڵی دەدا لەڕێگەی هێزە سەربازیە نانیزامیەکان (جاش) چالاکیەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کەم بکاتەوە **(ساڵح،2017 ، ل ل 58-59)** . بەڵام لەهەوڵەکانی سەرکەوتوو نەبوو ، بەڵکو لە11ی ئایاری 1983چەند ناوچەیەکی لەسنووری حاجی ئۆمەرانی سەر بەپارێزگای هەولێر لەدەست دا ،لەتۆڵەی ئەوە حکومەت لە30ی تەمووزی 1983 دەستی بەئەنفال کردنی بارزانیەکان کرد کەنزیکەی هەشت هەزار بارزانی لە نێو ئەو ئۆردوگایانە دەست گێر کرد و گواستیانەوە بۆ بیابانەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق لەناوی بردن **(عەبدولا، 2010، ل110).**

هەرچەندە حکومەت بەم کارەشی نەی توانی چالاکیەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوەستێنێت بەڵکو چالاکیەکان پەرەیان سەند و فراوان بوونتر بوون ، بەمەش بووە هۆی کەڵەکە بوونی زیانەکانی سوپای عێراق بۆیە بەناچاری پەنای بۆ گفتوگۆ لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان برد ، لەئەنجامی گفتویەکان و ڕاوەستانی شەڕ بۆ ماوەیەك ئابلۆقەی ئابووری لەسەر ناوچەکانی کوردستان هەڵگیرا **(مصطفی ، 2014،ل ل 151- 152).** دواتر نەگەیشتنە هیچ ئاکامێك ئەمجارە بە بڕیاری ژمارە(433) کە لە10 ی نیسان 1984 ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەعێراق بڕیاریدا کارکردن بە بڕیاری بەخشینی کورد لە خزمەتی سەربازی ڕاگیرا ، بەڵکو بڕیاردرا کە دەبێ قوتابیانی ئامادەیی و زانکۆی سەڵاحەددین- هەولێر، بێنە نێو ڕیزی سوپای میللی (جەیشی شەعبی) **(قادر ، جامباز ، 2013، ص206) .**

بارودۆخی سیاسی کوردستان بەگشتی و شاری هەولێر بەتایبەتی لەماوەی 1984-1988 ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرە وخراپتر دەچوو ، بەهۆی سیاسەتی گرتن وکوشتن ودوورخستنەوەی هاوڵاتیان لەلایەن دام ودوزگاکانی سەر بە ، هەر بۆیە حکومەت لەڕێگەی دەزگا ئەمنیەکانیەوە ناوە بەناوە لەشاری هەولێر فەرمانی پشکنینی دەرەکرد و خەڵکێکی زۆری بەبیانووی جۆراوجۆر دەستگیر دەکرد و دواتریش بەشێکیانی لەسێدارە دەدا **(حەمەد ئەمین ، 2016 ، ل128).** دوابەدوای ئەمە پێشهات و ڕووداوە سیاسیەکان هەڵکشان و داکشانیان بەخۆیانەوە بینی ،حکومەت لەئەنجامی بەردەوام بوونی شەری عێراق - ئێران ، هەوڵە سەربازی و ئابووریەکانی خستە یەك کات، لەم پێناوەدا هەوڵی بنبرکردنی سەرچاوە داراییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی کردە ئامانج، لەم چوارچێوەدا دەستی کرد بەئەنجامدانی پرۆسەیەك بەناوی ئەنفال لەناوچە جیاوازەکانی باشووری کوردستان کە نزیکەی (182000) هەزار هاوڵاتی کورد لەپیاو ژنو منداڵانی لەناوبرد ، جگە لەمەش نزیکەی (4000) گوند و شارۆچکەی لەناوبرد ، جێگای ئاماژەیە حکومەت پرۆسەی ئەنفالی بە هەشت قۆناغ جێ بەجێ کرد**(وۆچ ، 2004، ل ل 36-38).**

بەر لە وەستانی جەنگ لە8ی ئابی 1988 حکومەتی عێراق زیاتر دەستی وەڵا بوو بۆ دەست بەسەراگرتنی کوردستان، هەر بۆیە هێرشێکی بەرفراوانی کردە سەر ناوچەکانی کوردستان ، بەرنامە داڕێژراوەکەی بۆ پرۆسەی ئەنفال و کیمیاباران کردنی خەڵکی کوردستان بەتەواوی جێ بەجێ کرد **( الانفال، ژ1، 12ی نیسانی 2006).**

دواتر هێزە سیاسیە کوردیەکانی باشووری کوردستان ڕێکەوتن لەناو یەك بەرە کار بکەن بەناوی بەرەی کوردستان و توانیان چەندین زەبری کوشندە لەسوپا ودام و دەزگاکانی حکومەتی عێراق بوەشێنن ، ئەم ڕوداوە پاڵنەرێکی بەهێزبوو بۆ سەرکردایەتی کورد لەنێو هەموو پات و ڕێکخراوە سیاسیەکانی باشووری کوردستانو خەڵکی سڤیلی کورد بەبڕیاری یەك دەنگی یەك هەڵوێست لەچوارچێوەی هەوڵ و کۆششەکانیان توانیان 5ی ئاداری1991 ڕاپەرینێکی جەماوەری لەباشووری کوردستان دەست پێ بکەن و لەدرێژی هەوڵەکانیاندا بەشی هەرە زۆری خاکی کوردستان لەدەسەڵاتدارانی حزبی بەعس پاك بکەنەوە وئازادیان بکەن**( رسول ، 2006، ص460).**

## 2 -خستنە ڕووی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان

## 2-1ڕۆژنامەکان:

سەبارەت بەم ڕۆژنامانەی کە باس لە ڕۆڵی ئافرەتانی شاری هەولێر دەکات لە ئەنجومەنی یاسادانان ئەمانەی خوارەوەن :

1 - **عێراق**: پاشکۆی ڕۆژنامەی (العراق) ی عەرەبی بوو ، سەرەتا دوو هەفتە جارێك بەزمانی کوردی (کرمانجی خواروو ڕێنووسی ئارامی ) دەرچووە خاوەنی ئیمتیاز : هاشم حەسەن ئاکرەیی و سەرنووسەر سالح حەیدەری بوو. یەکەم ژمارەی لە 9ی تشرینی دووەمی 1976 بە (8) لاپەڕە بڵا وکرایەوە ، ژمارەی (2)ی لە23ی تشرینی دووەمی 1976 بڵاوکرایەوە، دوای تێپەڕ بوونی پێنج مانگ بەسەر وەستاندنی دووبارە ڕۆژنامە کە بە (16) لاپەڕەی قەبارە (29× 42سم) لە 21ی ئاداری 1977 دەردەچێت **( عێراق ، ژ1، 21ی ئاداری 1977)** . ژمارەی (54)ی دوا ژمارەی ئەو خولە بووە و لەشوباتی 1985دا دەرچووە ، بۆ جاری دووەم ماوەیەك لەدەرچوون دەوەستێت ، دواتر بەشێوەی دوولاپەڕە لەناو ڕۆژنامەی (العراق) بەکوردی ، هەموو ڕۆژانی چوارشەمان دەر دەچوو بەڵام دواتر ڕاوەستاوە ، پاشان ڕۆژنامەی عێراق بۆ جارێکی تر لەخولێکی نوێیدا بەهەوڵ وکۆششی (عبدوالوهاب تاڵەبانی ) وەکو سەرپەرشتیار و بەڕێوەبەر، لەگەڵ ژمارەیەك لەهاوڕێیانی کە لەئەندامانی دەستەی ئیمتیازی ڕۆژنامەکەبوون،بەشێوەیەکی هەفتانە دەستی بەدەرچوون کردەوە **(عێراق ، ژ68، 4ی کانونی دووەمی 1986 )** ، هەروەها یەکەم ژمارەی خولی دووەم لە 16ی ئەیلولی 1987 بەناوی پاشکۆی هەفتانەی ڕۆژنامەی العراق بڵاوکرایەوە کە لەلایەن (دار العراق للصحافة والنشر ) بەزمانی کوردی دەرچووە ، سەرۆکی دەستەی ئیمتیاز (هاشم حەسەن ئاکرەیی و ئەندامانی دەستەی ئیمتیازیش : محەمەد ئەمین ومەجید ڕەشید بوون ،ژمارەی ڕۆژنامەکە تا ئابی 1990 گەیشتۆتە (150) ژمارە **(عێراق ،ژ150، 22ی ئابی 1990)** . لەلایەکی تر ڕاپەڕینی 1991ی خەڵکی کوردستان کاریگەری لەسەر ڕۆژنامەکە هەبوو بۆ ماوەیەك وەستا ، دواتر لە 19ی تەمووزی 1991 ژمارە (151) ی لێ دەرچوو ، ئیتر تا 9ی نیسانی 2003 لەدەرچوون بەردەوام بوو **(بارام ،2012،ل373).**

2 **-هاوکاری :** ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتی بوو ، دەزگای گشتی چاپەمەنی و بڵاوکردنەوەی کوردی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن بەزمانی کوردی لەبەغدا دەردەکرد . یەکەم ژمارەی لەڕۆژی هەینی لە9ی کانوونی دووەمی 1970 بە (8) لاپەڕەی ڕەش وسپی وقەبارەی (57×42)سم دەرچوو. سەرنووسەرەکەی (مونزر عوزێم) بوو **( هاوکاری ، ژ1، هەینی 9ی کانوونی دووەم 1970)** . لەژمارەی (22)ی ساڵی دووەمی لە26ی حوزەیرانی 1971 ەوە لە دار الجماهير دەچووە و لەچاپخانەی دار الحريه چاپکراوە. لەژمارەی (225) یەوە لە 5ی تەمووزی 1971 لەلایەن دەزگای هاوکاری بۆ چاپ وبڵاوکردنەوەی کوردی دەردەچوو **(نەریمان ، 1989، ل339)** . دواجار لە15ی نیسانی 1976 بەدواوە لەلایەن دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردیەوە بڵاوکرایەوە،کۆی ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیە گەیشتۆتە (3946) ژمارە تا 22ی نیسانی 2003 لەدەرچوون بەردەوام یووە **(اسماعیل ، 2015، ل11)** . ڕۆژنامەی هاوکاری لەساڵی 1980 تا ڕاپەڕینی بەهاری 1991 زیاتر لە (700) ژمارەی لێ دەرچووە ، لەو ماوەیەدا دەبێتە ڕۆژنامەیەکی سیاسی هەفتانە بە (12) لاپەڕە وبەقەبارەی (57× 45سم) دەردەچوو . (ئیسماعیل ڕەسول) تا ژمارەی (627)ی ڕۆژنامەکە کە لە1982 دەرچوو بەڕێوەبەری گشتی و سەرنووسەری بووە **( هاوکاری ، ژ627، 4ی ئاداری 1982)** . دواتر(موسلیح مستەفا جەلالی ) بۆتە بەڕێوەبەری گشتی وسەرنووسەری ڕۆژنامەکە **(هاوکاری ، ژ628، 11ی ئاداری 1982 )** . ڕۆژنامەی هاوکاری توانیویەتی بەرە پێشچوونێکی باش بەخۆیەوە ببینی ، بەشێوەك کە لە ژمارەی (909) کە لە28ی ئەیلولی 1987 هەفتانە دوو جار بە (12) لاپەڕە دەردەچوو**(هاوکاری ، ژ909، 28ی ئەیلولی 1987 )** . جگە لەوەش لەیاد بۆنە نەتەوەی وحزبیەکان وەك پاشکۆی تایبەت دەرچووە **(هاوکاری پاشکۆی تایبەت ، ژ582، 9ی نیسانی1981)** . ئەبێ ئەوەش بزانیین کە ئەم ڕۆژنامە بەشێوازێکی زۆر چالاك دەرچووە و پەیامنێری لەگشت شارەکانی کوردستان هەبوو ، ڕاپۆرت وهەواڵی سیاسی وئابووری و کۆمەڵایەتی وڕۆشنبیریەکانی باشووری کوردستانیان بڵاو دەکردەوە ،هەر چەندە ڕۆژنامەکە لەلایەن دام و دەزگاکانی حکومەتی عێراق چاودێری دەکا ، بەڵام توانراوە لەڕێگەی ئەم ڕۆژنامەیە خزمەت بە ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی بکرێت ، سەکۆیەك بوو بۆ ڕۆژنامەنووس و ئەدیب و نووسەر وشاعیرانی کورد ، جگە لەوەش توانی خزمەتێکی

باش بەکۆمەڵگەی کوردستان بکات لەڕووی ئابووری وکۆمەڵایەتی ورۆشنبیری(**دیدارلەگەڵ شێرزاد عەبدولڕەحمان ، هەولێر، 10ی کانوونی دووەمی 2019).**

3 - **بیری نوێ** : ڕۆژنامەیەکی سیاسی و ڕۆشنبیری گشتی بوو ، ڕێکخراوی هەرێمی کوردستانی حیزبی شیوعی عێراق بەزمانی کوردی وعەرەبی دەریدەکرد ، لە ساڵانی 1972-1979دا لەبەغدا دەرچووە ، کەتیایدا چەندین ووتاری سیاسی و ڕۆشنبیری گشتی تیایدا بڵاوکراوەتەوە ( **تەنیا ، 2013، ل162).**

4 - الانفال : ئەم ڕۆژنامەیە لەلایەن وەزارەتی شەهید و ئەنفالکراوەکانلی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەرچووە **(دیدارلەگەڵ شێرزاد عەبدولڕەحمان ، هەولێر، 10ی کانوونی دووەمی 2019)**، ئەم ڕۆژنامەیە ژمارە یەکی تایبەت بوو بەزمانی عەرەبی بە (2) لاپەرەی قەوارە(22×45سم) لەڕۆژی 12ی نیسانی 2006 دەرچووە ، لەژێر وشەی (الانفال) ، ناوەڕۆکی هەموو نووسینەکان دەربارەی مەرگە ساتی ئەنفال و زوڵم و زۆرداریيە بەسەر میللەتی کورد وەك :

-ئەنفال دەرس و پەند و ئامۆژگارییە بۆ میللەتی کورد

-ئەنفال تراژیدیای برینەکانی میللەتی کورد

-ئەنفال لەبیر ناکرێ ڕوو ڕەشییە بۆ ئەنجامدەرانی

-ئەنفال ناسنامەی میللەتێکە ، مێژووی بەخوێنی ڕۆڵەکانی نووسراوەتەوە **(جەماڵ خەزنەدار ، 2011، ل 457 )**

5- **کاروانی وەرزش** : ڕۆژنامەیەکی وەرزشی بوو ، ژمارە (1) ی لە30ی تەمووزی 1985 بەزمانی کوردی و عەرەبی بە (4) لاپەرە ، لەلایەن ئەمینداریەتی گشتی ڕۆشنبیریی و لاوان لەهەولێر دەرچووە، ڕۆژنامەکە بەڕەنگی ڕەش و سپی ، تەنها ناونیشانی ڕۆژنامەکە و بابەتە سەرەکیەکانی بەڕەنگی سوور ، و دواتریش بەڕەنگی شین دەردەچوو ، محەمەد ئەمین سەرنووسەر و سەعید یحیا جێگر بووە ، ئەم ڕۆژنامەیە لەچاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان لە هەولێر چاپ دەکرا **(کاروانی وەرزش ، ژ1، 30ی تەموزی 1985)** .

کاروانی وەرزش لەمێژوویی ڕۆژنامەگەری کوردیدا بەیەکەمین بڵاوکراوەی وەرزشی هەژماردەکرێت ، لەسەرەتادا بەزمانی کوردی دوو هەفتە جارێك دەردەچوو، دواتر بووە هەفتەی جارێك بەهەردوو زمانی کوردی وعەرەبی بڵاودەکرایەوە ، تاکو داگیرکردنی کوێت لە2ئاب 1990، ئەم ڕۆژنامەیە (200) ژمارەی لێ دەرچووو دواتر ڕاگیرا **(سەنگەر زرار ، 2012، ل ل7-14)** .

## 2-2 گۆڤارەکان:

1 -**ئۆتۆنۆمی** (الحکم الذاتي) : گۆڤارێکی وەرزی بوو، لەلایەن ( فەرمانگەی ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان ، ئەم گۆڤارە لە چاپخانەی بەغدا چاپکراوە، بەزمانی کوردی وعەرەبی لەشاری هەولێر بڵاوبۆتەوە . ژمارەی (1)ی لەمانگی کانونی دووەمی 1976 بە (130) لاپەڕەی ڕەش و سپی بەبەرگەوە بەقەوارەی (15×22سم) دەرچووە ، بەشە کوردیەکەی بریتی بووە لە (54) پەڕە بەدیالێکتی کرمانجی ژووروو چاپکراووە ، ئەم گۆڤارە لەساڵی یەکەمی 1976دا تەنها (7) ژمارەی لێ دەرچوە، سەرنووسەرەکەی (بابەبەکر ڕەسوڵ مەحموود) بووە ، دواتر لەساڵی 1977 تەنها (5) ژمارەی لێ دەرچووە ، و سەرنووسەرەکەی بۆتە (ئەحمەد عەبدولقادر نەقشبەندی) . لە ساڵی سێیەم وچوارەمدا 1978-1979 تەنها (12) ژمارەی لێ دەرچووە و سەرنووسەرەکەی گۆڕاوە بوومبە (محەمەد عەلی ئەمین). ژمارە (63) دوا ژمارە بووە کە لەساڵی 1990 بە (80) لاپەڕەی ڕەش وسپی ورەنگاو ڕەنگ بڵاوکراوەتەوە ، دەستەی نووسین و بەڕێوەبردنی بەم جۆرە بووە : بەهائەدین ئەحمەد سەرنووسەر و حسام داود خدر جێگری سەرنووسەر ، ناوەرۆکی بریتی بووە لە یاسا ورێنمایەکانی ئەنجومەنی یاسادانان و بەجێگەیاندنی بریارەکان لەناو گۆڤارەکە بڵاودەکرایەوە **(خەزنەدار ، 2011، ل ل117-119).**

2- **بیری نوێ** : گۆڤارێکی سیاسی و ڕۆشنبیری گشتی بوو ، ڕێکخراوی هەرێمی کوردستانی حیزبی شیوعی عێراق ، بەزمانی کوردی (کرمانجی خواروو ڕێنووسی ئارامی ) دەریدەکرد ، یەکەم ژمارەی لەکانونی دووەمی

1985دا دەرچووە ، تا ڕاپەڕینی (16) ژمارەی لێ دەرچووە ، ژمارە(17) ی لەحوزەیرانی 1992 دا دەرچووە **( تەنیا ، 2011، ل 162).**

3 - **بەیان** : گۆڤارێکی وێژەیی هونەری بوو ، لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری وڕاگەیاندن لەبەغدا مانگێ جارێك بەزمانی کوردی دەردەچوو ، ژمارە (1) ی لەتشرینی دووەمی 1969 بە (32) لاپەڕە و قەبارەی (22×19 سم) لە چاپخانەی (دار الجمهورية) لە شاری بەغدا چاپکراوە ، سەرنووسەرەکەی ئەکرەم فازڵ و سکرتێری نوسین جەلال میرزا بوو **(بەیان ، ژ1، تشرینی دووەم 1969)** . لەم گۆڤارەدا چەندین بابەتی هەمەجۆری هونەری تیایدا بڵاودەکرایە ، ئەبێ ئەمەش بزانیین کەگۆڤاری بەیان بەبەتەمەنترین گۆڤاری کوردی دادەنرێت لەمێژوویی ڕۆژنامەگەری کوردیدا ، چونکە تاوەکو ساڵێك پێش ڕووخانی دەسەڵاتی حزبی بەعس لە عێراق لە9ی نیسانی 2003 بەردەوام بووە **(اسماعيل،2015،ل8).**

4-**ڕۆشنبیری نوێ**: ئەم گۆڤارە لە دەستپێکدا وەك بڵاوکراوەیەك بەناوی (بلاوکراوەیەکی ئەدەبی ڕۆشنبیرییە) لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری کوردی لە11ی تشرینی دووەمی 1973 بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لەشاری بەغدا بە هەشت لاپەڕە و قەبارەی (30×45سم) بڵاوکرایەوە **(ڕۆشنبیری نوێ ، ژ0 ، 11ی تشرینی دووەمی1973)** ، سەبارەت بەسەرنووسەر و سکرتێر ودەستەی نووسەر و بەڕێوەبەرانی گۆڤارەکە هەر لەژمارە سفر تاکو ژمارە (7) ئاماژە بەناوی هیچ کەسێك نەکراوە ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دڵسۆزی کارمەندەکانی ئەم گۆڤارە . ژمارەی (1) ی گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ لە 21ی تشرینی دووەمی 1973 دەرچووە ، لەچاپخانەی( الزمان) لەشاری بەغدا چاپکراوە ، لە1973تا 2003 کە کۆتا ژمارەیە جگە لە ژمارەی تایبەت (153) ژمارەی لێ دەرچووە**(اسماعيل،2015،ل13)** .گۆڤاری ناوبراو سەرەتا لەبەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیریی کوردی دەردەچوو دواتر لە نیسانی 1976کە دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی دامەزرا ، ئیتر لەو ساڵەوە تاوەکو وەستانی لەلایەن ئەم دەزگایە دەردەچوو ، لەژمارەی (75) ی تەموزی 1979 بووە بە گۆڤارێکی گشتی مانگانە **(ڕۆشنبیری نوێ ، ژ75، تەموزی 1979، ل1)** . دواتر لە1985 دەبێتە گۆڤارێکی وەرزی ،دوا ژمارەی لەتوێژینەوەکەماندا بەکارهاتووە ژمارە (127) بوو کە لەزستانی 1991 دەرچوو **(ڕۆشنبیری نوێ ، ژ127، زستانی 1991).**

5- **نووسەری نوێ** : کۆمەڵە بەرهەمێکی ئەدەبی یە ، یەکێتی نووسەرانی کورد / لقی هەولێر دەری کردووە ، ژمارە(1) لە حوزەیرانی 1972 بەزمانی کوردی (کرمانجی خواروو ڕێنووسی ئارامی ) بە(56) لاپەڕەو قەبارەی (24× 17 سم) بڵاوکراوەتەوە ، لەچاپخانەی کوردستان لەهەولێر دەرچووە ، دەستەی نووسەرانی پێکهاتبوون لە : عزەدین فەیزی و مەدحەت بێخەو و کەریم هەورامی و کەریم شارەزا و محەمەد مەنگوڕی و عەزیز گەردی و جەمیل ڕەنجبەر **(نووسەری نوێ ،ژمارە(1) حوزەیرانی 1972)** . 1975-1991 سێ ژمارەی لێ دەرچووە.

6- نووسەری کورد: گۆڤاری یەکێتی نووسەرانی کورد بوو بەزمانی کوردی (کرمانجی خواروو ڕێنووسی ئارامی ) دەردەچوو . یەکەم ژمارەی خولی دووەمی لەمایسی 1979دا ، بە (133)لاپەڕەی قەبارە (17×23.5)سم دەرچووە ، ژمارە (12)ی ئەم خولەی ، دوا ژمارە بووە و لەئابی 1983دا دەرچووە . سەرنووسەرەکەی (د.عزالدين مستەفا ڕەسوڵ و سکرتێری نووسین محەمەدی ملا کەریم ) بووە . پاشان ئەوەی حکومەتی عێراق یەکێتی نووسەرانی کوردی هەڵوەشاندەوە ، لەجێی ئەو ڕێکخراوێکی تری بەناوی (یەکێتی گشتی ئەدیب ونووسەرانی عێراق / نووسینگەی ڕۆشنبیری کوردی ) دامەزراند . خوولی سێیەمی نووسەری کورد ، سەر بەو ڕێکخراوە تازەیە بوو . یەکەم ژمارەی لەخولی تازە لەئازاری 1985 بە (160) لاپەڕەی قەبارە (16.5×24)سم دەرچووە . سەرنووسەرەکەی محەمەد بەدری بوو . ژمارە (7) ی ئەو خوولەی دوا ژمارە بووە و لەئابی 1989دا دەرچووە . دوای کۆنگرەی (ڕاپەرین) یش لە 1991/10/15 لەشەقلاوە بەسترا ، ئەم گۆڤارە جارێکی تر دەردەچێت . ژمارە (1-2) ی خولی ڕاپەرین (خولی چوارەم ) لەیەك بەرگدا بە(256) لاپەڕەی قەبارە (17-23)سم لە حوزێرانی 1992 دا دەرچووە. سەرنووسەرەکەی (د.عزالدين مستەفا ڕەسوڵ) بوو، ژمارەی (3-4) ی لەیەك بەرگدا لەتشرینی دووەمی 1992دا بە (318) لاپەڕە دەرچووە . پاشان لەکۆنگرەی

ڕاپەرین یش ئەو نووسەرە کوردانەی کە لەبەغدا بوون و سەر بەڕێکخراوە کارتۆنیەکە بوون ، لەبەغدا ژمارەیەکیان دەرکرد کەکەوتبووە خوولی سێیەم **(خەزنەدار، 2011 ، ل ل 178-179).**

7- **دەنگی پێشمەرگە:** گۆڤارێکی تایبەت بوو بە هێزی پێشمەرگە سەر بە (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان – عێراق) بوو . لەژێر دروشمی (کوردستان یان نەمان ) دەردەچوو، چەند ژمارەیەکی سەرەتای بەناوی (پێشمەرگە) دەرچووە ، دواتر بۆتە دەنگی پێشمەرگە ، یەکەم ژمارەی لەمایسی 1979 دا دەرچووە ، ژمارەی (2) لەحوزێرانی 1979دا دەرچووە ، ژمارە (31) دوا ژمارە بوو لە کانونی یەکەمی 1986 دەرچووە **(تەنیا ، 2013 ، ل62).**

8- **المرأة( ئافرەتی کورد):** بڵاوکراوەیەکی ئافرەتان بوو ، لەگەڵ گۆڤاری (المرأة) ی ڕێکخراوی یەکێتی ئافرەتانی عێراق کە بەزمانی عەرەبی دەردەچوو بڵاوکراوەتەوە . چوار لاپەڕەی بەزمانی کوردی (کرمانجی خواروو ڕێنووسی ئارامی ) بەناوی (ئافرەتی کورد) بڵاوکراوەتەوە . یەکەم ژمارەی چوار لاپەڕەیە بوو کەلەگەڵ ژمارەی مانگی کانوونی یەکەمی 1980ی گۆڤارەکە بڵاوکراوەتەوە ، دوای ماوەیەك بەشی کوردیەکەی ڕاوەستا**(نەورۆزی ،2011، ل87).**

9- **تەندروستی وکۆمەڵ:** گۆڤارێکی مانگانەی تەندروستی گشتی بوو . ئەمینداریێتی گشتی کاروباری کۆمەڵایەتی لەشاری هەولێر بەزمانی کوردی دەریدەکرد ، ژمارە(1) ساڵی یەکەمی لەئەیلولی 1987 بە (140) لاپەڕەی ڕەنگاو ڕەنگ دەرچووە **(تەندروستی و کۆمەڵ ، ژ1، ئەیلولی 1987)** . ئەم گۆڤارە ماوەناماوە ڕاگیراوە ،بەڵام تا 1991( 35) ژمارەی لێ دەرچووە کە سەرنووسەرەکەی دکتۆر نافیع عەقراوی بوو **(تەندروستی و کۆمەڵ، ژ35، 1991).**

## 3 -ڕۆڵی سیاسی وکۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ئافرەتانی هەولێر لەئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان

ئافرەت وەك کارەکتەرێکی زیندووی نێوهەموو کۆمەڵگایەك ڕۆڵی گرنگیان لەگشت بوارە جیاوازەکانی ژیاندا بینیووە (**المرأة( ئافرەتی کورد)، ژ1 ، کانوونی یەکەمی 1980- ل12**)، ئافرەتانی هەولێریش ڕۆڵ وپێگەی تایبەتیان لەڕووی سیاسی وئابووری وکۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری دا هەبووە . ڕۆڵی کارامەیان گێراوە بەپێی قۆناغ ورِوداو پێشهاتە سیاسیەکان لەناوچەکە گۆڕانکاریان بەسەر داهاتووە **(ئۆتونۆمی (الحکم الذاتي ) ، ژ5 ،ساڵی چوارەم 1978، ل ل 32-34).**

ئافرەتانی هەولێر لەڕووی سیاسی ڕۆڵی بەرچاویان هەبوە،بەتایبەتی دوای دەرچوونی یاسایی ئۆتۆنۆمی **(بیری نوێ ، ژ137،ئایاری 1975، ل23)** و دامەزراندنی هەردوو ئەنجومەنی ڕاپەراندن و یاسادانان لە5ی تشرینی 1974 لەشاری هەولێر بەئامادەبوونی نوێنەری (سەدام حوسێن) سەرۆك کۆماری عێراق یەکەمین دانیشتنی ئاسایی خۆی گرێدا **(ئۆتۆنۆمی (الحکم الذاتي ) ، ژ1 ،ساڵی یەکەم 1976، ل ل22-23)** ، لەنێو (72) ئەندامی ئەنجومەنی یاسادانان هەر یەك لە (سامیە شاکر چاوشلی ) و ( نافیعە عوسمان ئەبوبەکر ) کەخەڵکی شاری هەولێر بوون بۆ ماوەی سێ خول ئەندامی ئەنجومەنی ناوبراو بوون ، **(بەیان ، ژ44، تشرینی یەکەم 1977 ، ل ل 3-4)** . سەرەتای کاری سیاسی (سامیە شاکر چاوشلی) لەناو ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی - عێراق کۆمیتەی کوردستان دەستی پێکردووە ، ئەندامی لیژنەی ناوخۆیي (مەحەلی) حزبی شیوعی -عێراق لقی کوردستان بوو **(دیدار لەگەڵ مومتاز حەیدەری،هەولێر 5ی ئاداری 2019).**

دوای تێکچوونی پەیوەندیەکانی سەرکردایەتی سیاسی کورد وحکومەت و هەڵگیرسانەوەی شەڕ لەنێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان وسوپای عێراق و هەرەس هێنانی شۆڕشی ئەیلول ، لەئەنجامی ڕێکەوتنامەی جەزائیر1975، ئەنجومەنی یاسادانان بەگشتی و نوێنەرە ئافرەتەکان بەتایبەتی هیچ هەڵوێستێکیان نەبوو بەڵکو بێ دەنگیان هەڵبژارد،چونکە لەم کاتەدا ئەنجومەنی ناوبراو ببووە ئامێرێکی جێ بەجێ کاری سیاسەتەکانی حکومەتی عێراق**(سەعید ، 2015، ل64 ).**

دوای دەرکردنی بڕیاری ژمارە (421)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەعێراق لە10ی ئایاری 1975 ،کەتیایدا بڕیار بە پێکهێنانی لێژنەیەك لەئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانان بۆ سەردانی کردنی شارەکانی هەولێر وسلێمانی ودهۆك درا ، بەمەبەستی بانگەشەکردن بۆ حزبی بەعس و ڕاکێشانی هەستی خەڵك بەرەو گوێ ڕایەڵی لەبەرامبەر بڕیارو ڕاسپاردەکانی حکومەتی عێراق و ئاگادارکردنەوەیان لەکۆتایی هاتنی شۆڕشی کوردستان . دوای جێ بەجێ کردنی ئەم بڕیارە لەدانیشتنی ئەنجومەنی یاسادانان ساڵی 1975 بەرنامەی کار خوێندرایەوە ، تیایدا ئاماژە بەڕۆڵی حزبی بەعس کرا وەك پێشرەوی خەبات وتێکۆشان وخەباتی دیموکراتی ونەتەوەیی وبزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانیان بەبەکرێ گیراو ناوزەند کرد ، بەڵام هێچ ئەندامێکی ئەنجومەنی یاسادانان هەوڵێستیان نەبوو( **محاضر جلسات المجلس التشريعي ،ص ص 179-193)** . ئەم بێ دەنگیەی ئافرەتانی هەولێر لە ئەنجومەنی یاسادانان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەئەوان لەلایەن پاڵێوراوی حزبی شیوعی عێراق بون و حزبەکەشیان لەگەڵ حزبی بەعس لەبەرەی نیشتمانی پێشکەوتنخواز دابوو، هەروەها لەو کاتەشدا حزبی بەعس لەعێراق باڵا دەست بوو. ئەگەر لەناخی خۆشیاندا هەڵویسی دژایەتیان هەبوایە نەیان دەتوانی دەری ببڕن.

سەرباری ئەوەش هەردوو ناوبراو بەهۆی ئەندامیەتیان لە لێژنەکانی کاروباری ناوخۆی و ئافرەتان و لیژنەی پەروەردەیی و ڕۆشنبیری وئەوقاف و لێژنەی تەندروستی وخزمەتگوازریەکان لەناوچەی ئۆتۆنۆمی ڕۆڵی ئەرێنیان هەبووە لە بەرەو پێش بردنی ژیانی ئافرەتان و کەم کردنەوەی کێشە وگرفتەکانیان **(ئۆتۆنۆمی (الحكم الذاتي ) ، ژ1 ،ساڵی سێیەم 1978، ل ل32-37).**

لەپێناو بەرەو پێش بردنی ژیانی ئافرەتانی کورستان و کەم کردنەوەی کێشە و گرفتەکانیان (سامیە شاکر چاوشلی ) لەژمارەی (1 – 2)ی گۆڤاری ئۆتۆنۆمی لە1977 دەرچووە ، بابەتێکی بەناوی (ئافرەت و ئۆتۆنۆمی ) نووسیووە ، تیایدا باس لە ڕۆڵی ئافرەتان دەکات لەناوچەی ئۆتۆنۆمی دەڵێ: ئافرەتانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی خەبات دەکەن لەپێناو بەشداری کردنی ئافرەت شان بەشانی پیاوان لەبوارەکانی سیاسی و کارگێری و کۆمەڵایەتی وڕۆشنبیری وئابووری **(ئۆتۆنۆمی (الحكم الذاتي ) ، ژ1-2 ،ساڵی دووەم 1977، ل 51).**

جێگای ئاماژەیە (نافیعە عوسمان )یش لەپێناو کارکردن بۆ توێژی ئافرەت لەکوردستان ، جگە لەوەی ئەندامی ئەنجومەنی یاسادانان بوو ، ویستی کار و چالاکیەکانی لەناو ڕێکخراوی یەکێتی ئافرەتانی عێراق لقی ناوچەی ئۆتۆنۆمی زیاتر برەو پێ بدات ، کار لەگەڵ ڕێکخراوی ئافرەتانی عێراق لقی کوردستان دەکات ودەبێتەی جێگری سەرۆکی نووسینگەی ئافرەتانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی( **بڵاوکراوەی خانزاد ،ژ1، 1982)**. شایانی باسە ئەم ڕێکخراوە سەر بەحزبی بەعسی دەسەڵاتدار بووە ، بۆیە ئەبینیین بەشێك لە ووتارەکانی ناوبراو باس کردن بووە لەشۆڕشی 17-30 تەمووزی حزبی بەعس ،سەرباری ئەوەش ، لەماوەی کارکردنی ئافرەتانی هەولێر لەم ڕێکخراوەدا توانیوویەتی چەندین خزمەت پێشکەش بەئافرەتانی کوردستان و شاری هەولێر بکات ، ئەویش لەڕێگەی ئەو کارو چالاکیانەی کە لەناو ڕێکخراوەکەدا کردوویەتی لەوانە کردنەوەی خول وسمینار بۆ هۆشیارکردنەوەی ئافرەت و پرسەکانی لەنەخوێندەواری و نزمی ئاستی زاستی و ڕۆشنبیری بۆ بەرێوەبردنی کۆمەڵگا و دەستەبەر کردنی مافەکانیان و چارەسەر کردنی کێشە و گرفتەکانیان لەگشت سێکتەرەکاندا ،جگە لەوەی کە ئافرەتانی کورد لەکۆنەوە لەلایەن ڕۆژهەلاتناسەکانەوە بەلێهاتوو و ئەکتیف و چالاك ناسراون ، (نافعە عوسمان ) لەووتارێکدا لەژێر ناونیشانی (چالاکیەکانی نووسینگەی ئافرەتانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ) کە لەژمارە 5ی ساڵی سێیەمی 1978ی گۆڤاری ئۆتۆنۆمی بڵاوکراوەتەوە ، باس لەو بەرنامە چڕو پڕ بایەخە دەکات کە حکومەتی عێراق دەربارەی جێ بەجێ کردنی یاسایی نەهێشتنی نەخوێندەواری و فێرکردنی ئیلزامی (زۆرە ملێ) دەرکرد**(عێراق ،ژ21،تشرینی دووەم 1978)** ، تێکرای بنکەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری بۆ ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان تەنها (79) بنکە بوو ،تەنها (32) بنکە بۆ پارێزگای هەولێر بوو ، ژمارەی ئافرەتانی نەخوێندەوار لەپارێزگای هەولێر (65672) نەخوێندەوار بوو **( سادق ، 2019 ، 69)** ، دوای ئەوە لقی هەولێری نووسینگەی ئافرەتانی ناوچەی کوردستان لەپێناو وشیارکردنەوەی ئافرەتانی هەولێر هەڵساون بەسازدانی کۆڕ و سمینار و لەناو شاری هەولێر وکۆمەڵگا هاوچەرخەکان ، بەم شێوەیە لە 24ی حوزەیرانی 1978 سمینارێان بۆ ئافرەتانی هەر یەك لە کۆمەڵگاکانی (شاوێس ، بەستورە ، کانی قرژاڵە ، هەنجیرۆك ) و ناوچەکانی ( ڕەواندز و

شەقلاوە و ئاسکی کەڵەك و هاودیان وحەریر ) دا کرد ، لەڕۆژی دواتر ڕێکخراوی نووسینگەی ئافرەتانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لەگەڵ ڕێکخراوە میللی و جەماوەریەکانی حکومەت کە پێك هاتبوون لە (سەندیکای کرێکاران و جوتیاران و قوتابیان و لاوان ) لەهەولێر فیستیڤاڵێکی گەورەیان ساز کرد ، بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری لەشاری هەولێر ، دواتر لە 24ی ئایاری 1978 تاکو 29ی ئایار ڕێکخراوی ئافرەتانی کوردستان بۆ هەمان مەبەست سمیناریان بۆ ئافرەتانی ناوچەکانی (قەتەوی و تەندورە ) و گوندەکانی (ساقیە و شەرایع و عەقلانیە) سازکرد **(ئۆتۆنۆمی (الحكم الذاتي ) ، ژ5 ،ساڵی سێیەم 1978، ل ل 61-65).** شایەنی ووتنە دوای ئەنجامدانی ئەو چالاکیانە وکردنەوەی خولی نەهێشتنی نەخوێندەواری بۆ ئافرەتانی پارێزگای هەولێر (60612) ئافرەت سوود مەند بوون ، لەنەخوێندەواری ڕزگاریان بوو . **(الجمهوريه العراقية ، وزارة التربية، المديرية التخطيط التربوي ، ص 166)**

لەلایەکی تر ئافرەتانی شاری هەولێر لەئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان لەڕووی کۆمەڵایەتیدا ڕۆڵی باشیان بینیووە ئەندامانی ئەنجومەن کە لەئافرەتانی هەولێر بوون ، جگە لەوەی ئەندامی ئەنجومەنی یاسادانان بوون، ئەندامی لیژنەکانی کاروباری ناوخۆی و ئافرەتان و پەروەردەیی بووینە ، توانیوویانە بەگوێرەی توانا و دەسەڵات و پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و حزبیەکانیان لەلایەن کۆمەڵایەتیدا ڕۆڵی خۆیان ببینن ، سەرباری ئەوەی بەپێداچوونەوە بەکۆنووسی دانیشتنەکانی ساڵی یەکەمی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی دەردەکەوێت ، ئەندامانی ئەنجومەن جگە لەنەبوونی ئەزموون و شارەزایی لە کاری یاسادانان ، بەڵکو کێشە ئەوەبوو نەیان دەتوانی لەسنووری دەسەڵاتی خۆیان دەربچن و بڕیارێك یان پێشنیار و ڕاسپاردەیەك دەربکەن کە لەسەرووی دەسەڵاتی ناوەندی و ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەعێراقدا بێت ، بۆیە لەزۆربەی ئەو پرسانەی کە هاتونەتە پێشیان وگفتوگۆیان لەسەر کردووە ، دواتر پێشنیاری هەر بابەتێك کرابێ پێش بڕیاردان ، دەبوا ڕای ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەربگیرابوایە **(محاضر جلسات المجلس التشريعي........، 1978، ص23).**

ئافرەتانی هەولێر لە ئەنجومەنی یاسادانان ، پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی باشیان لەگەڵ خەڵکی شاری هەولێر هەبوو ، بەو پێیەی خەڵکی شارەکەن و هاوڵاتیانی شارەکەش بەهۆی ناسەقامگیری کوردستان لەڕووی کۆمەڵایەتی وسیاسی و ئابووری تووشی بارودۆخێکی نەخوزاراو ببون ، بۆیە ئەم ئەندامانە کاتێك دەهاتنە ناو شارەکە گوێیان بۆ کێشە و گرفت و داواکاریەکانیان دەگرت ، دواتر لەو لیژنانەی کەتیایدا ئەندام بوون داخوازیەکانیان دەخستە ڕوو ، سەرباری ئەوەی حکومەتی عێراق گرنگی بەناوچەکانی کوردستان دەدا بۆ ئەوەی پیشانی جیهانی بدات کە شارەکانی کوردستان هیچ جیاوازیەکی نیە لەگەڵ شارەکانی تری عێراق لەڕووی خزمەتگوزاریەوە ،چەند کارێکی لەڕێگای پێشنیار و ڕاسپاردەکانی لیژنەکانی ئەنجومەنی یاسادانان لەڕووی کۆمەڵایەتی بەتایبەتی لەسێکتەری پەروەردە و فێرکردن و خوێندنی باڵا و ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەری و کارگێری و ئابووری ئەنجامدا**( دیدار لەگەڵ یوسف میرزا محمد ، هەولێر 8ی نیسانی 2018)** . لەلایەك ئەندامە ئافرەتانی هەولێر بەنووسینی ووتار و شیعر وپەخشان توانیویانە تاڕادەیەك خزمەتێك لەڕووی کۆمەڵایەتی پێشکەش بەشارەکیان بکەن ، هەرچەندە ئەو دەزگایەی کە کاریان تیادا دەکرد لەژێر چاودێری توندی حکومەت دا بوو ،لەڕووی پەروەردە و فێرکردن دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول 1975 ژمارەیەکی زۆر لەمامۆستا و قوتابیان پەرتەوازە ببون بۆیە بەشێك لەمەڵبەندەکانی خوێندن لەشارەکانی هەولێر وسلێمانی و دهۆك بە چۆڵی دەبینران ، بەڵام دواتر لەئایاری 1975 قوتابخانەکان بەڕووی قوتابیان کرانەوە**(هاوکاری ،ژ272، 20-27ی حوزێرانی 1975)** . کەچی هۆڵی قوتابخانەکان هەر بەقەلەبالغی نەدەبینران ، بەڵام هەر یەك لە (سامیە شاکر چاوشلی و نافیعە عوسمان ) کەئەندام بوون لەلێژنەی کاروباری ناوخۆی و کۆمەڵایەتی و چاودێری کاروباری ئافرەتان ، دوای ئەوەی لەدانیشتنی ڕۆژی 18ی کانونی یەکەمی 1976ی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بڕیار درا بە سەردانی کردنی مەیدانی ئەمینداڕێتی ناوخۆی و کاروباری کۆمەڵایەتی و ئەو فەرمانگانەی کە پەیوەندی دار بوون پێیانەوە**( ئۆتۆنۆمی (الحكم الذاتي ) ، ژ2 ،ساڵی چوارەم 1979، ل ل 63-64)** ، هەر دوو ناوبراوان پێشنیاریان کرد پێویستە بودجەی پەرەپێدانی کەرتی پەروەردە بۆ ناوچەکانی کوردستان زیاد بکرێ و گرنگی زیاتر بەکەرتی پەروەردە بدرێت ،کەلەو بودجەیەی بۆ ناوچەی ئۆتۆنۆمی دانراوە کەڕێژەکە (4%) بوو ، تیایدا بەشی هەولێر

(1.8%) بۆ گەشەپێدانی کەرتی پەروەردە تەرخانکرابوو ، بەڵام بەهەماهەنگی لەگەڵ ئەمیندارێتی پەروەردە و خوێندنی باڵا توانرا بەشە بودجەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی زیادبکرێ بۆ (7%) ، تیایدا بەشی هەولێر بوو بە (3.3%) **( دیدار لەگەڵ یوسف میرزا محمد ، هەولێر 8ی نیسانی 2018)** ،هەروەها دوای ئەمە بەهەماهەنگی لەگەڵ ئەمیندارێتی پەروەردە و خوێندنی باڵا توانرا لەشارەکانی کوردستان(698) قوتابخانەی سەرەتای و (21) قوتابخانەی ناوەندی و(11) قوتابخانەی دواناوەندی بکرێتەوە ، دواتر توانراوە بەپێی بڕیاری ژمارە (310) لەساڵی 1976 (30) قوتابخانەی تازە لەگەڵ خانەی پێگەیاندنی مامۆستایان لەشارەکانی کوردستان بکرێتەوە ، پاشان بڕیاردرا ئامادەی بازرگانی لەشاری هەولێر بکرێتەوە و (230) پلەی دامەزراندن بۆ سیکتەری پەروەردە تەرخان بکرێت ، هەروەها بڕیاردرا بە نوژەنکردنەوە و دروست کردنی قوتابخانە لەگوندەکانی کودستان درا **(ئۆتۆنۆمی (الحكم الذاتي )، ژ2 ،ساڵی دووەم 1976، ل ل33-34 )**،بەڵام دوای دەستپێکردنی جەنگی عێراق و ئێران 1980-1988 کەرتی پەروەردە و فێرکردن لەشاری هەولێر کەوتە ژێر کاریگەری جەنگ ، لەو چوارچێوەیەشدا بواری پەروەردە و فێر کردن و ڕۆشنبیری ڕووبەرووی گوشارێکی هەمەلایەنە بوویەوە **(حەیدەر ، 2016، ل68)** .

ژمارەی باخچەی ساوایان و قوتابخانەی سەرەتای وناوەندی و ئامادەیی و زانکۆ و ژمارەی مامۆستایان و قوتابیان لەماوەی نێوان ساڵانی (1974-1991) **(الجمهوريه العراقية ، وزارة التربية، المديرية التخطيط التربوي ، ص ص136-188)**

| ساڵ | ژمارەی باخچەی ساوایان | ژمارەی قوتابخانەی سەرەتایی | قوتابخانە و ژمارەی قوتابخانەی ناوەندیی و ئامادەیی | خانەی پێگەیاندنی مامۆستایان | زانکۆ | ژمارەی مامۆستایان | ژمارەی قوتابیان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1974-1970 | 6 | 133 | 117 | 1 | 0 | 6819 | 112264 |
| 1980 -1975 | 14 | 234 | 143 | 1 | 0 | 9898 | 132264 |
| 1988-1980 | 16 | 342 | 145 | 1 | 0 | 8732 | 112980 |
| 1991-1988 | 24 | 355 | 176 | 1 | 1 | 15763 | 232181 |

لێرە بۆمان دەردەکەوێت کە ژمارەی ناوەندەکانی خوێندن و مامۆستا و قوتابیان لەقۆناغە جیاوازەکان لەشاری هەولێر لەماوەی ساڵانی1975-1980بەرێژەیەکی باش زیادی کردووە ،ئەمەش بەهۆی بوونی سەقامگیری سیاسی و زیاد بوونی بودجەی عێراق بەهۆی زیاد بوونی داهاتی نەوت لەلایەك و هەوڵ و تەقەڵای ئافرەتانی هەولێر بەتایبەتی ئەوانی ناومان بردن کە ئەندام بوون لە لیژنەی پەروەردە وخوێندنی باڵا کە ڕۆڵیان هەبوو لەزیاد کردنی بودجەی پارێزگاکانی کوردستان و تەرخانکردنی بۆ کەرتی پەروەردە ، کەچی لە ساڵانی (1980 - 1988) ڕێژەکە بەهۆی ناسەقامگیری سیاسی عێراق بەهۆی جەنگی عێراق ئێران و شەڕی نێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سوپای عێراق ڕێژەکە باخچەی ساوایان و قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی ودواناوەندی بەشێوەیەکی کەم بەرز بۆتە. بەلام ڕێژەیی مامۆستاو قوتابیان کەمیان کرد ئەمەش بەهۆی ڕاپێچکردنیان بوو بۆ بەرەکانی جەنگ ، هەروەها لەماوەی ساڵانی(1988- 1991 ) ژمارەی ناوەندەکانی خوێندن و مامۆستا و

قوتابیان لەقۆناغە جیاوازەکان لەشاری هەولێر بەڕێژەیەکی باش زیادی کردووە ، ئەمەش بەهۆی بوونی سەقامگیری سیاسی بوو.

سەرباری هەموو ئەمانە لەبواری ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەریدا ئافرەتانی هەولێر لەئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە ، چەندین ووتار و شیعریان نووسیووە کە باس لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی کوردستان دەکات (**سادق ،2019، ل67**) ، لەوانە (سامیە شاکر ) لە21ی کانونی دووەمی 1977 بوە بەدەستەی بەڕێوەبردنی گۆڤاری یەکێتی نووسەرانی کورد (**نووسەری کورد ، 1981، ل6**) . جگە لەمەش (سامیە شاکر ) لەژمارە (5)ی گۆڤاری ئۆتۆنۆمی ووتارێکی بەناونیشانی (واقعی مندال لەکوردستان) ، کەتیایدا باس مافی مندالً دەکات ، ئاماژە بەواقیعی ژیانی مندالانی کوردستان دەکات لەرووی ماف و پەروەردەکردن(**ئۆتۆنۆمی (الحكم الذاتي ) ، ژ 5 ،ساڵی سیەم 1978 ، ل53**) . هەروەها لەژمارەی( 2)ی گۆڤاری ئۆتۆنۆمی ووتارێکی بەناونیشانی (دەوری ئافرەت و هاوبەشی کردن لەبنیات نانی سۆشیالیستی ) کەتیایدا باس لەنەهێشتنی دیاردەی نەخوێندەواری لەنێو ئافرەتانی کورد و زاڵ بوونی داب ونەیتەکان بەسەر ئافرەتی کورد (**ئۆتۆنۆمی (الحكم الذاتي ) ، ژ 2ساڵی سیەم 1978 ، ل56**).

هەروەها (سامیە شاکر ) لەگۆڤاری نووسەری نوێ ژمارە (3) شیعرێکی بەناونیشانی ( ڕاژەی من) نووسیووە و باس لە ڕەوشی کۆمەڵایەتی کوردستان دەکات (**نووسەری نوێ ، ژ3، 1978، ل 47**) . جگە لەوەی چەندین ووتاری نووسیووە لەگۆڤاری ئۆتۆنۆمی و ڕۆژنامەی هاوکاری و چەندانی تر کە باس لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی کوردستان دەکات (**ئۆتۆنۆمی (الحكم الذاتي ) ، ژ 3 ،ساڵی چوارەم 1979 ، ل ل 35-39**) . دیوانێکی بەناوی بیری چەسپاو لەساڵی 1978 بەچاپ گەیاندووە (**دیدار لەگەڵ مومتاز حەیدەری ، هەولێر، 5ی ئاداری 2019**). خاتوو(نافیعە عوسمان)وەکو ئافرەتێکی چالاك لەناو ڕۆژنامە وگۆڤارەکوردیەکان ووتاری نووسیووە کەباس لەبارودۆخی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و سیاسی کوردستان دەکات ، لەوانە لەژمارەی (5)ی ساڵی سێیەمی گۆڤاری ئۆتۆنۆمی بابەتێکی بەناونیشانی (پەژارە وتێکۆشانی ئافرەت لەجیهاندا )، وە لە لەژمارەی (1)ی ساڵی پێنجەمی گۆڤاری ئۆتۆنۆمی بابەتیکی بەناونیشانی (ئافرەت نیوەی کۆمەڵە)، لەژمارەی (1-2)ی ساڵی چوارەمی و پێنجەمی گۆڤاری ئۆتۆنۆمی بابەتێکی بەناونیشانی (ئافرەت وبوجەی خێزان ) و (ساڵی مندالی جیهان )، لەو بابەتانەدا باس لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان بەگشتی و ئافرەت بەتایبەتی دەکات (**ئۆتۆنۆمی (الحكم الذاتي ) ، ژ 5 ، ساڵی سیەم 1978 ، ل ل 32- 33؛ ژ1ساڵی چوارەم 1979، ل 36 ؛ ژ2، ساڵی چوارەم 1979، ل ل 48 -50**) . جگە لەوەش چەندین بابەت و وتاری سیاسی و کۆمەڵایەتی لەڕۆژنامەی هاوکاری بڵاوکراوەتەوە کە تیایدا باس لەبارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی دەکات (**هاوکاری ، ژ 889، 30ی نیسانی 1987** ) . شایانی باسە نووسینی ئەو بابەتانە لەلایەن ئەو دوو ئافرەتەی شاری هەولێر کاریگەری لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی شاری هەولێر هەبووە ، چونکە جگە لەوەی لەئەنجومەنی یاسادانان بارودۆخی کۆمەڵایەتی کوردستان دەخەنە ڕوو ، لەهەمان کاتدا ، توانیویانە لەڕێگەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیش خزمەتێك بە کۆمەڵگەی کوردی بکەن .

دوابەدوای ئەوەی هەر یەك لە(سامیە شاکر و نافیعە عوسمان ) دەکرێن بەئەندامی لیژنەی خزمەتگوازریەکان و ئیشغال و نیشتەجێ کردن و ئەوقاف و گەشت و گوزار و هاوینە هەوارەکان ، بەهەماهەنگی لەگەڵ ئەمینداریێتی ئەشغال و نیشتەجێ کردن کە بەدرێژایی دوو خول لەلایەن ئەندامانی سەر بەحزبی شیوعی بەڕێوە دەبران، توانرا لەماوەی ساڵی یەکەمی ئەنجومەنی یاسادانان وئەنجومەنی ڕاپەڕاندن ، ئەمینداریێتی ئەشغال ونیشتەجێ کردن سەرجەم پرۆژەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاوەدانکردنەوەی باکوری وەرگرت ئەمەش بەمەبەستی تەواوکردنی کارەکان ، لەو چوارچیوەشدا دەستی بەتەواو کردنی ڕێگاکانی خەلیفان و چوار قورنە و سەید سادق کرد. ئەگەر چی لەماوەی ساڵانی جەنگی عێراق ئێران پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە بەرەو سستی چوو ، بەڵام نەوەستا ، لەو ماوەیەدا هەولێر بەبڕی (2265000)دینار بۆ (48) پرۆژە تەرخان کرا ،لەوانە (13)خانووی نیشتەجێکردن ، شەش یاریگا وباخچەی ساوایان وسێ بازار و قیرتاوکردنی چوار شەقامی ناوشار و دوو بازاری هاوچەرخ وپردێکی پەرینەوەی پیادە . دروست کردنی سێ گازینۆ و باڵەخانەی شارەوانیەکانی دیانا و ئوتێلێکی گەشتیاری لەشەقلاوە ،

هەروەها ئیدارەی خوجێتی هەولێر (15) پرۆژەی باڵەخانە و قوتابخانە و پرۆژەی ئاو و جۆگەی ئاودێری وڕێگای گوندەکانی هەولێر لەو ماوەیەدا ئەنجامدران . کۆی پرۆژەکانی ئەشغال ونیشتەجێکردن لەماوەی سێ ساڵدا (41) پرۆژە بوو بە گوژمەی (7480000) دینار ، لەساڵی 1984 کۆمەڵێك پرۆژە بەگوژمەی (1840000) دینا بۆ هەر سێ پارێزگاکەی کوردستان تەرخان کرا ، تا ساڵی 1990 لەسەر ئاوەدانکرنەوە(41527499)دینار بۆ پرۆژەکانی سەرتاسەری ناوچەی ئۆتۆنۆمی خەرج کراوە ، هەروەها بەبڕی (31352250) دینار پرۆژەی ڕێگاوبان پردەکانی تێپەڕینی ئۆتۆمۆبێل و پیادە ئەنجامدراوە **(سعید، 2016 ، ل84)**.

ڕەوشی تەندروستی ودامەزراوەکانی تەندروستی ڕۆڵێکی بەچاودەگێرن لەفەراهەمکردنی ژیانێکی سەلامەت و تەندروست بۆ دانیشتوان . سێکتەری تەندروستی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەهاوڵاتیانەوە هەیە ، بۆیە ئافرەتانی هەولێر لەناو ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ئەم سێکتەرەیان فەرامۆش نەکردووە ، بەڵکو بەهۆی ئەوەی کە لیژنەی تەندروستی ئەندامیان هەبووە ، بەهەماهەنگی لەگەڵ ئەمینداریەتی گشتی کارگێری و کاروباری کۆمەڵایەتی کە بەرێوەبەرایەتی کەرتی تەندروستی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لەژێر سەرپەرشتیدا بوو ، گۆڤارێکی تایبەت بەلایەنی تەندروستی وکۆمەڵ دەرکردووە **(تەندروستی وکۆمەڵ ، ژ1، ساڵی یەکەم ئەیلولی 1987، ل1)**. خاتوو (سامیە شاکر) یەکێك بووە لەئەندامەکانی لیژنەی تەندروستی ئەنجومەنی یاسادانان ، هەوڵی خۆی داوە بۆ ئەوەی سێکتەری تەندروستی لەکوردستان بەرەو پێش ببات ، بەڵام بەهۆی ناسەقامگیری بارودۆخی سیاسی ناوچەی لێکۆلینەوە بەهۆی شەڕی نێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان وسوپای عێراق لەلایەك وشەڕی عێراق وئێران وداگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراق ڕەوشی تەندروستی پێشکەوتنێکی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەبینیووە ، بەڵکو لەهەندێك ساڵدا ڕووی لە دواکەوتووی کردووە ، بەتایبەتی کە ژمارەی بنکەی تەندروستیە سەرەکی وسەرەتاییەکان وجۆرەکانی تری بنکەی تەندروستیەکان ڕوویان لەهەڵکشان وداکشاندا کردووە هەروەك لەم خشتەی خوارەوە بەدیار دەکەوێت ، **(تەندروستی وکۆمەڵ ، ژ6، ئاداری 1988 ، ل ل 5-65)**.

**خشتەی (1)**

**ژمارەی نەخۆشخانەو بنکە ودامەزراوە تەندروستییەکانی پارێزگای هەولێر**

**لەماوەی نێوان ساڵانی 1975- 1991**

| ساڵ | نەخۆشخانە | سەرین | نۆژدار | دەرمانساز | بنکەی تەندروستی سەرەکی | بنکەی تەندروستی سەرەتایی | پەرستار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1975 | 7 | 700 | 97 | 12 | 8 | 35 | 154 |
| 1980 | 13 | 1086 | 161 | 14 | 14 | 45 | 253 |
| 1988 | 16 | 1685 | 108 | 25 | 8 | 29 | 300 |
| 1991 | 16 | 1899 | 107 | 44 | 7 | 23 | 290 |

**ئامادەکراوە لەلایەن توێژەر بەپشت بەستن بە: (الجمهورية العراقية ، وزارة الصحة ، المديرية التخطيط ، ص ص116-148 ؛ تەندروستی وکۆمەڵ ، ژ6، ئاداری 1988 ، ل ل 5-65).**

ئەگەر تێبینی بکەین لەم خشتەیەدا بۆمان دەردەکەوێت ژمارەی نەخۆشخانە و بنکە ودامەزراوە تەندروستییەکانی پارێزگای هەولێر لەماوەی نێوان ساڵانی 1975- 1991هەڵکشان وداکشانی بەخۆیەوە بینیوە ساڵی 1974 (7) نەخۆشخانە و (700) سەرین و (97) نۆژدار و (12) دەرمانساز و (8) بنکەی تەندروستی سەرەکی و (35) بنکەی تەندروستی سەرەتایی و (154) پەرستار بوو ، بەڵام لە ساڵانی(1975- 1980) ئەم ڕێژەیە زیادی کردووە و بۆتە (13) نەخۆشخانە و (1086) سەرین و (161) نۆژدار و (14) دەرمانساز و (14) بنکەی تەندروستی سەرەکی و (45) بنکەی تەندروستی سەرەتایی و (253) پەرستار ، ئەم زیاد بوونە بەهۆی زیاد بوونی داهاتی عێراق بەگشتی وداهاتی نەوت بەتایبەتی بووە ، بۆیە حکومەت بڕی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکانی زیاد کردووە ،کە بەشە بودجەی پارێزگای هەولێر بۆ کەرتی تەندروستی بریتی بوو لە (3.44%) ،پارێزگای سلێمانی (1.4%) و پارێزگای دهۆك (1.3%) بوو**(الجمهورية العراقية ، وزارة الصحة ، المديرية التخطيط جهاز المكزي للاحصاء منطقة حكم الذاتي 1989، ص 108)** . ئەم زیادەی لەڕێژەیی بودجەی هەولێر لەلایەن حکومەتی عێراق دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەولێر ناوەندی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بوو و

زۆربەی دام ودەزگاکان بەتایبەتی ئەنجومەنی یاسادانان وڕاپەڕاندن لەهەولێر بوون لەلایەکی تریش بەهۆی هەوڵ و تەقەڵای خەڵکی هەولێر بوو لە ئەنجومەنی یاسادانان و لیژنەی تەندروستی کە هەر یەك لە (سامیە ونافیعە) تیایدا ئەندام بوون و داوای زیاد کردنی بودجەی پارێزگاکانی کوردستانیان بەگشتی وهەولێر بەتایبەتی دەکرد .

کەچی لە ساڵانی( 1980- 1988 ئەم ڕیژەیە هەڵکشان وداکشانی بەسەر داهاتووە بریتی بوو لە (16) نەخۆشخانە و (1685) سەرین و (108) نۆژدار و (25) دەرمانساز و(8) بنکەی تەندروستی سەرەکی و (29) بنکەی تەندروستی سەرەتایی و (300) پەرستار، ئەم گرنگی دانەی حکومەت بۆ بریندارانی سوپا و هێزە نانیزامیەکانی بوو لەشەڕی عێراق ئێران لەلایەك وشەری ناوەخۆی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سوپای عێراق لەلایەکی تر ، لەساڵی 1991 ئەم ڕیژەیە هەڵکشا بووە (17) نەخۆشخانە و (1899) سەرین و (110) نۆژدار و (44) دەرمانساز و (9) بنکەی تەندروستی سەرەکی و (30) بنکەی تەندروستی سەرەتایی و (310) پەرستار ، ئەمەش بەهۆی گرنگی دانی حکومەت بوو بە کەرتی تەندروستی.

## دەرئەنجام :

1. بەهۆی نەبوونی هیچ پارتێکی سیاسی ڕاستەقینە بۆ چەسپاندنی ئۆتۆنۆمی لەکوردستان و بەدیهێنانی ئاوات و ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان،ساڵ لەدوای ساڵ هەر دوو ئەنجومەنی یاسادانان و ڕاپەڕاندنی ناوچەی کوردستان بووە دەستەیەکی ڕووکەشی ڕاگەیاندن و ئامرازێك بەدەست ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەعێراق بۆ دەرکردنی هەندێك یاسایی لاوەکی .

2. لەماوەی 1975-1991 ئافرەتانی هەولێر لەئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان سیاسی ڕۆڵی باشیان بینیووە ، بەتایبەتی لەڕووی سیاسی کەلەناو ڕێکخراوە سیاسیەکاندا کاریان کردەوە ،توانیویانە بەئاستێکی باش لەناو ڕێکخراوە سیاسی و جەماوەریەکان کار و چالاکیەکانیان بخەنەڕوو .

3. ئافرەتانی هەولێر توانیویانە لە لیژنەکانی ناو ئەنجومەنی یاسادانان وەك ئەندامێکی کارا خزمەت بە خەڵکی کوردستان بکەن ، هەرچەندە دەزگای یاسادانان وڕاپەڕاندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لەژێر هەیمەنەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەعێراقدا بوو ، بەڵام بەگوێرەی دەسەڵاتی خۆیان توانیویانە خزمەت بکەن.

4. ئافرەتانی هەولێر توانیویانە لەڕووی کۆمەڵایەتی لە سێکتەرەکانی پەروەردە و فێرکردن و تەندروستی خزمەتێك پێشکەش بەخەڵکی کوردستان بکەن ، ئەویش لەڕێگای ئەو ڕاسپاردە وپێشنیارانەی کە لەناو ئەنجومەنی یاسادانان پێشکەشیان کردووە.

5. ئافرەتانی هەولێر توانیویانە لەبواری ڕۆژنامەگەریدا ڕۆڵێکی بەرچاو ببینن و چەندین ووتارو بابەتی هەمەجۆر لەڕۆژنامە وگۆڤارەکان بنووسن ، تیایدا باس لەبارودۆخی سیاسی وکۆمەڵایەتی وڕۆشنبیری کوردستان بکەن.

- پەراوێزەکان

پێناسەکان :

- ئەنجومەنی یاسادانان : ئەم ئەنجومەنە لەهەشتا کەس پێك دەهات ، کە دەبوو بەڕێگای دەنگدانی ئازادانەی ڕاستەوخۆ هەڵبژێردرێن ، مەرجەکانی ئەندامێتی و لەکارکەوتنیشی لە یاساکە خرابووە ڕوو ، هەرکەسێك بەر لە دەست بەکاربوون وەك ئەندام لەئەنجومەن دەبوو سوێندی یاسایی بخوات کە لەمادەی پێنجەمدا دەقەکەی هاتبوو ، جەخت کردنەوە بوو لە پاراستنی یەکێتی خاکی عێراق و ڕژێم وبنەماکانی . ماوەی ئەنجومەن سێ ساڵ بوو کە لەیەکەم کۆبوونەوە دەست پێدەکات و بەدوایین کۆبونەوە لەساڵی سێیەم کۆتایی دێت .دەربارەی میکانیزمی دەرکردنی بڕیارە یاساکارییەکان لەیاسی ئەنجومەنی یاسادانان‌دا هاتبوو سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن ، بڕیارە یاسایەکان دەردەکات ،لەماوەی دە ڕۆژدا و بۆی هەیە لەو ماوەیەدا داوا لەئەنجومەنی یاسادان بکات چاو بەپرۆژەی بریارەکەدا بخشێنەوە ، دوای بڵاوکردنەوەی بڕیارەکان لە ڕۆژنامەی فەرمی کۆماری عێراق لەناوچەکەدا جێ بەجێ دەکرێت .ئەم ئەنجومەنە تا ساڵی 1991 هەشت خول بەردەوامبوو ( سەعید ،2017، ت ل 56-75) .

- ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن : ئەمە دووەمین دامەزراوەی ئۆتۆنۆمی بوو،لەڕووی پێکهاتە و ئەرکەکانیەوە هاوشێوەی حکومەتێکی خوجێتی بوو ،ئەم ئەنجومەنە دەزگایەکی جێ بەجێ کردن بوو بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەکە . لەڕووی پەیکەری ڕێکخستنەوە لەسەرۆك و (10) یان (12) ئەندام پێك دەهات بۆ کاروبارەکانی (پەروەردە وخوێندنی باڵا و ئەشغال ونیشتەجێ کردن وکشتوکاڵ وچاکسازی کشتوکاڵی و ناوخۆ وگواستنەوە وگەیاندن وڕیگاوبان و ڕۆشنبیری ولاوان وشارەوانی وگەشت وگوزارو ئابووری ودارایی و کۆمەڵایەتی و ئەوقاف )،بەپێی یاسای ئۆتۆنۆمی ساڵی1974،بەڕێوەبردنی کەرتی تەندروستی وکارلەچوارچیوەی کاروباری کۆمەڵایەتیدا و کارەکانی ناوەخۆش بە ڕاپەراندنی کارەکانی پۆلیس و بەرگری شارستانی وباری کەسی دیارکراوە ، هەرچی دارایی و ئابوورییە مەبەست لێی بەڕێوەبردنی فەرمانگەکانی درایی وبازرگانی وپیشەسازی خۆجێیە . سەرۆك و ئەندامەکانی ئەنجومەن(ئەمینداریەتی گشتی ) پلەی وەزیریان هەبوو( **سەعید ،2017، ت ل 56-75)** .

- **سامیە شاکر چاوشلی** : ساڵی 1941 لەشاری هەولێر لەدایك بووە .ساڵی 1965 خانەی مامۆستایانی لەشاری بەغدا تەواو کردووە . لەناوەڕاستی شەستەکاندا پەیوەندی بەحزبی شیوعی عێراق کردووە . ساڵی 1974 لەسەر پشکی حزبی شیوعی بووتە ئەندامی ئەنجومەنی یاسادانان و ماوەی دوو خول بەردەوامبووە .ساڵی 1979 بەهۆی تێکچوونی پەیوەندی نێوان حزبی بەعس و حزبی شیوعی بەنهێنی ووڵاتی عێراقی بەجێهێشتووە دواتر بڕیاری دەست گیر کردنی بۆ دەر دەچێ ، تا ئێستا لەووڵاتی ئەڵمانیا نیشتەجێیە **( سادق، 2019، ل ل74-75).**

- **نافیعە عوسمان** ئەبوبەکر : ناوبراو لەچلەکانی سەدەی بیستەم لەشاری هەولێر لەدایك بووە .قۆناغەکانی خوێندنی لە هەولێر تەواو کردووە . بەهۆی پاشخانی سیاسی بنەماڵەکەیان لەناوەڕاستی شەستەکاندا پەیوەندی بەحزبی شیوعی عێراق کردووە . ساڵی 1974 بووتە ئەندامی ئەنجومەنی یاسادانان وماوەی سێ خول بەردەوامبووە . دواتر لەناو ڕێکخراوی ئافرەتانی سەر بە حزبی بەعس کاری کرووە و بۆتە جێگری سەرۆکی یەکێتی ئافرەتانی عێراق نووسینگەی ئۆتۆنۆمی لقی هەولێر ، لە ڕۆژنامە وگۆڤارەکان چەندین نووسین ووتاری سیاسی وکۆمەڵایەتی بڵاوکردۆتەوە ، ئیستاش لەژبان نەماوە و کۆچی دوایی کردووە (دیدار لەگەڵ ڕۆژنامە نووس مومتازحەیدەری ، هەولێر ،5ی ئاداری 2019

سەرچاوەکان
یەکەم : بڵاوکراوە حکومیەکان
- الجمهورية العراقية ، وزارة التربية،المديرية التخطيط التربوي ، قسم الاحصاء ، التقرير السنوات 1974-1991.
- الجمهورية العراقية ، وزارة الصحة ، المديرية التخطيط ، قسم الاحصاء ، التقرير السنوات 1974-1991 لمنطقة الحكم الذاتي.

دووەم : کتیب
" بەزمانی عەرەبی"
- جبار قادر ،طارق جامباز ، **قرارات مجلس قيادة الثورة المنحل الخاصة بالكورد والكوردستان** ،مطبعة الحاج هاشم ،أربيل ،2013.
- **شكيب عقراوى ، سنوات المحنة في كردستان (اهم الحوادث السياسية والعسكرية في كردستان والعراق من 1958 الى 1980)**، مطبعة مناره ، اربيل ،2007.
- فاتح رسول ، **صفحات من تاريخ كفاح الشعب الكردي** (أحداث و وثائق **1982–1990**) ، ت : كمال غەمبار

،ج3، مطبعة شظان ، السليمانية ، 2006.
- فاضل الزهاوی ،**حرب الخليج وانتفاضه كردستان العراق** ،مطبعة رون ، السليمانية ،2004.
- مارتن فان برونيسن ،**الاغا والشيخ والدولة** ،**البنى الاجتماعية و السياسة لكوردستان** ،ت : امجد حسين، ، مطبعة اراس ، اربيل ،2007.

"-بەزمانی کوردی"

-ئیسماعیل تەنیا،**رابەری ڕۆژنامەگەری کوردی(ئازاری 1975-1993)** ، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی - ڕۆشنبیری ،هەولێر ،2013.

ئەمین قادر مینە ، **تەرحیل تەعریب تەبعیس** ، چ2، سەنتەری سترانیجی کوردستان ، ،سلێمانی ، 1999.
- جەمال خەزنەدار،**ئینسکۆپیدیای ڕۆژنامەگەری کوردی 1898-2010**، لەبڵاوکراوەکانی سەندیکاری ڕۆژنامەنووسانی کوردستان گۆڤاری ڕۆژنامەنووس(4) ،هەولێر ، 2011.
- حەسەن بارام ،**فەرهەنگی ڕۆژنامەگەری کوردستان وعێراق 1816-2000**، چاپخانەی ڕەهەند ،سلێمانی ،2012.
- ڕێبوار ڕەمەزان عەبدولا، **بارۆڤی لەناوبردنی بارزانیەکان**، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر،2010.
- سامیە شاکر سادق (مەشخەڵ) ، **سێ بێ (بەستەپیازە – بەغدا – بەرلین )** ، بێ ناوی چاپخانە، 2019 ، هەولێر .
- سەنگەر زرار ، **بیبلۆگرافیای بڵاوکراوە وەرزشیەکان (1985-2012)** ، چاپخانەی ڕۆشنبیری ،هەولێر ،2012.
- عومەر هەمزە ساڵح ، **جیۆساید وتاوانەکانی ڕژێمی بەعس دژی بارزانیەکان (1975-1991) لەزمانی شایەتحاڵەکان وبەڵگەنامەکان**،ج1 چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر،2017.
- قارەمان حەیدەر ڕەحمان ،**بزووتنەوەی ڕۆشنبیری کوردی لەشاری هەولێر 1975-1991**، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر ،2016،
- **کامەران بابان زادە : ڕێککەوتنامەی جەزائیر و ڕەهەندەکانی لەسەر کێشەی کورد لە کوردستانی باشور، چاپخانەی سەردەم ، سلێمانی ، 2014.**
- مستەفا نەریمان ،**بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەی هاوکاری** ،بەشی یەکەم 1970-1974، چاپخانەی دار الحريه ، بەغداد، 1989 .
- میدڵ ئیست ووچ ، **جینۆساید لەعێراق و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد** ، و: سیامەندی موفتی زادە ، چاپخانەی خاك ، سلێمانی ،1999.
- نەجمەددین عەبدوڵڵا ئیسماعیل ،**هەولێر لەنێوان ساڵانی 1970-1979**،چاپخانەی ڕۆژهەلات ، هەولێر ،2016.

سییەم / نامەو تیزە زانکۆییەکان
- ئارام ئەبوبەکر حەمەد ئەمین ، **بارودۆخی سیاسیی پارێزگای هەولێر 1979-1991**، ،ماستەرنامە (بلاونەکراوە) ، کۆلێژی ئەدەبیات ،بەشی مێژوو ، زانکۆی سەڵاحەددین –هەولێر ،2016.
- دحام لقمان اسماعیل ، **ڕەوشی ئابووری وکۆمەڵایەتی باشووری کوردستان لەڕوانگەی ڕۆژنامەوانی کوردی ئاشکرا لەعێراق 1980-1988** ، ،ماستەرنامە (بلاونەکراوە) ، کۆلێژی ئەدەبیات ،بەشی مێژوو ، زانکۆی سەڵاحەددین –هەولێر ،2015.
- ڕێبوار خالد مصطفی ، **پارێزگای سلێمانی (1968-1988)** ،توێژینەوەیەکی مێژووی ئابووری ،ماستەرنامە (بلاونەکراوە) ، کۆلێژی ئەدەبیات ،بەشی مێژوو ، زانکۆی سەڵاحەددین –هەولێر ،2014.
- نەوشیروان شەریف سەعید ،ئەزموونی ئۆتۆمی لەباشووری کوردستان لە11ی ئاداری 1974-11ی ئاداری 1991، ماستەرنامە (بلاونەکراوە) ، کۆلێژی ئەدەبیات ،بەشی مێژوو ، زانکۆی سەڵاحەددین –هەولێر ،2017.

چوارەم : ڕۆژنامە وگۆڤارەکان

1-ڕۆژنامەکان:

-ڕۆژنامەی عێراق:

ژمارە(1) ،9ی تشرینی دووەمی 1976؛ ژمارەی (2)ی ، 23ی تشرینی دووەمی 1976 ؛ -ژمارەی (54)ی شوباتی 1985دا ؛ ژ68، 4ی کانونی دووەمی 1986 ؛ ژ150، 22ی ئابی 1990 .

-ڕۆژنامەی الانفال :
ژ(1) ، 12ی نیسانی 2006.
-ڕۆژنامەی بیری نوێ :
ژ(1) ژ1975؛ ژ (23) 1977.
-ڕۆژنامەی کاروانی وەرزش :
ژمارە (1) ی 30ی تەمووزی 1985.
**- ڕۆژنامەی هاوکاری :**
(ژ1، هەینی 9ی کانوونی دووەم 1970؛ ژمارەی (22)ی ساڵی دووەمی لە26ی حوزەیرانی 1971 ؛ ژمارەی (225) یەوە 5ی تەمووزی 1971 ؛ ژ628، 11ی ئاداری 1982 ؛ ژمارەی (909) 28ی ئەیلولی 1987 ؛ ژ582، 9ی 1990.

## 2-گۆڤارەکان:

أ-گۆڤاری ئۆتۆنۆمی **(الحکم الذاتي)**

- بەڕێوەبەری پەروەردەی هەولێر بۆ ئۆتۆنۆمی دەدوێ ، ، ژ(2) ساڵی چوارەم 1979.
- دەستەی نووسەران ، ڕێرەوی ئۆتۆنۆمی ، ژ(2-3) ، نیسانی 1976.
- دەستەی نووسەران ، پەرەسەندنی ئابووری وکۆمەڵایەتی لەکوردستان دوای ڕاگەیاندنی ئۆتۆنۆمی ، ژ(2-3) ساڵی 1976.
- دیمانە لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی مافوری دەستکرد لەهەولێر ، ژ (7) ساڵی یەکەم ،هەولێر ، تشرینی دووەم 1976.
- ڕیپۆرتاژ، دەنگ وباسی ئۆتۆنۆمی ، ژ (2) ، ساڵی چوارەم 1979.
- ڕیپۆرتاژ، دەنگو باسی ئۆتۆنۆمی ، ژ(2) ،ساڵی سێیەم 1978.
- ڕیپۆرتاژ، شارەوانی هەولێر تەنیا بەژمارە دەدوێ ، ژ(7) ، تشرینی دووەم 1976.
- ڕیپۆرتاژ، لەگەڵ بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری جەماوەر لەپارێزگادا ، ژ(7) ، تشرینی دووەم 1976 .
- سامیە شاکر ،باری ئافرەت لە ناوچەی ئۆتونۆمیدا ، ژ(4)1977.
- .........، جیهان لەساڵی 2000هەمدا ، ژ(1)1979.
- .........، دەوری ئافرەت و هاوبەش کردنی لەبنیات نانی سۆشیالیستی دا ، ژ(2)1978.
- .........،واتەی ساڵی جیهانی منداڵان وپێداویستیەکانی پەروەردەکردنی منداڵانی کوردستان ، ژ (3)1979.
- .........، واقعی منداڵ لە کوردستاندا ، ژ(5)1978.
- موسی عبدالصمد ، کارکردن لەپێناو داپۆشتنی کوردستان بەڕاژەی فێرکردنەوە ، ژ(6) ئەیلولی 1976.
- نافیعە عثمان ابوبکر ، ئافرەت نیوەی کۆمەڵە ، ژ(1)1979.
- .........، بەبۆنەی ساڵی منداڵی جیهانیەوە ، ژ(2)1979.
- .........،پەژارە وتێکۆشانی ئافرەت لەجیهاندا، ژ(5)1979.
- .........،چالاکیەکانی نووسینگەی ئافرەتانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ، ژ(5)1978.
- .............. ئافرەتی کورد لەسایەی شۆڕش وئۆتونۆمی ،ژ(1) ساڵی هەشتەم ،1984
- نزار جرجیس علی ، باری ڕۆشنبیری ناوچەی کوردستان وئاسۆی پەرەپێدانی ، ساڵی دووەم 1977.
- ووتار ، دانیشتنی نائاسایی یەکەم ، ژ(1) ساڵی 1978 .

ب-گۆڤاری بیری نوێ :

ووتار ،یاسایي ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان ، ژمارە(1) کانونی دووەمی .1976

ج- گۆڤاری بەیان :

ووتار، ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانانی ئۆتۆنۆمی کوردستان ،ژمارە (44) ی ئەیلولي 1979.

د-گۆڤاری المرأة( ئافرەتی کورد):

ووتار ، ئافرەتانی کوردستان ، ژ1، 1980 .

هە-گۆڤاری تەندروستی و کۆمەڵ:

دیدار لەگەڵ دکتۆر صادق حمید علوش، ژ(6) ،ئاداری 1988.

و-گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە

ووتار ،سیاسەتی حکومەت بەرامبەر کورد ، ژ125 ، ئابی 2008.

ووتار ، ڕێکەوتنامەی جەزائیر و کاریگەری لەسەر کوردستان ،، ژ125 ، ئابی 2008.

ح-گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ:

ووتار ،ڕۆڵی فۆلکلۆری کودی لەدیاری کردنی ڕووادوی مێژوویدا ، ژماره (127) زستانی 1991 .

خ-گۆڤاری نووسەری نوێ :

سامية شاكر ، شیعری (ڕاژەی من) ، ژماره(3) ،1978 .

ڕۆڵی ئافرەتان لەڕۆژنامەدا ،ژ(5)،1981.

ط-گۆڤاری نووسەری کورد 1979:

ووتار ، بەهاری کوردستان ،ژ(5)،1980.

پێنجەم : دیدارو چاوپێکەوتن :

-دیدار لەگەڵ محەمەد عەبدولقادر ئەحمەد ناسراو بە (محەمەدی مەلا قادر )،پیرمام.ناوبراو :لەساڵی 1934 لەگوندی پیرە کەپرانی سەر بەناحیەی گوێر لەدایك بووە ،لەساڵی 1958 خوێندنی مەلایەتی تەواو کردووە ،دواتر بەشداری لە تاقی کردنەوەیەکی وەزاری کردووە ئینجا بووە بەمامۆستا ،لە1958 وە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستانە،1964ەوە پیشمەرگەیە ،1970بۆتە جێگری بەرپرسی لقی دووی پارتی لەهەولێر ،1973 بووە بەئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ،دواتر بۆتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی ،چەندین پۆستی حکومی وحزبی وەرگرتووە ،لە2018کۆچی دوایی کرد.

-دیدار لەگەڵ شێرزاد عەبدولڕەحمان ، ناوبراو : ساڵی 1957 لەشاری هەولێر دایك بووە ، بۆماوەی زیاتر لە20ساڵ لە رۆژنامەی هاوکاری کاری کردووە ، وەکو کاری هونەری کردووە ، وەکو هونەرمەندێك گۆرانی لەبەشی کوردی تەلەفزیۆنی بەغدا ووتووە ، ئیستاش وەك ڕۆژنامەنوسێك لەکارەکانی بەردەوامە. لەهەولێر نیشتەجێیە.

- دیدار لەگەڵ ڕۆژنامە نووس مومتازحەیدەری ، هەولێر ،5ی ئاداری 2019.ناوبراو: ساڵی 1942 لةشاری هةولیَر لة دایك بووة ،لةشةستةكان ثةيوةندی بةحزبي شيوعي عيَراق دةكات ، كةسيَكی سياسی ورؤشنبير بووة ،ضةندين ووتار ونووسينی لةبوارة جياجياكان لة رِؤذنامة وطؤظارة عيَراقی وكوردستانيةكان بلأوكردؤتةوة ، ناوبراو سةرنووسةری طؤظاری K21 بوو وئيستا لةشاری هةوليَر نيشتةجيَية.

-دیدار لەگەڵ یوسف میرزا مەحەمە ناسراو بە (حاجی یوسف ) ناوبراو : لەساڵی1946 لەشاری هەولێر لەدایك بووە ،قۆناغی خوێندنی لەشاری هەولێر بەسەرکەوتووی تەواو کردووە ، لەدوای ڕاگەیاندنی یاسای ئۆتۆنۆمی ودامەزراندنی ئەنجومەنی یاسادانان وڕاپەراندن 1974وەکو فەرمانبەر لە ئەنجومەنی ڕاپەراندن کاری کردووە ،ئێستا خانەنشینە.

## ملخص البحث


**د**ور المرأة مدينة في اربيل في المجلس التشريعي التابعة لمنطقة الحكم الذاتي كردستان في ضوء المعلومات الواردة في المجلات والجرائد الكردية مدة ١٩٧٥-١٩٩١

إن هذا الموضوع هو بحث تأريخي عن دور المرأة مدينة في اربيل في المجلس التشريعي التابعة لمنطقة الحكم الذاتي كردستان في ضوء المعلومات الواردة في المجلات والجرائد الكردية مدة ١٩٧٥-١٩٩١، إن الهدف من هذه الدراسة هي إبراز دور و مكانة و نشاطات المرأة اربيل في هذا المجلس و لجانها بشكل علمي ،اشتمل هذا البحث من مقدمة وثلاثة مباحث.

ففي هذا البحث حاولنا فيه تسليط الضوء أكثر على دور المرأة هذه المدينة كشريحة حيَّة من شرائح المجتمع الكردستاني داخل المجلس التشريعي وتأثيراتهن على الاوضاع السياسية و الاجتماعية والثقافية والصحية ، كل ذلك عرضت في ضوء المعلومات الواردة في المجلات والجرائد(الدوريات) الكردية من خلال السنوات١٩٧٥-١٩٩١. بَيّدَ أن الحكومة العراقية قامت بفرض الرقابة الشديدة خلال تلك المدة على جميع النواحي ،مع أن المرأة اربيل عملن في المؤسسات الدولة التابعة للحكومة العراقية ، ولكن غالبية الصلاحيات كانت تحت سلطة الحزب البعث العربي الاشتراكي ، إذ أن المرأة اربيل استطاعت أن تلعبن دورهن السياسي والاجتماعي والمنظمي والثقافي حسب صلاحياتهن و قدراتهن ، وكان لهن أثر إيجابي داخل تلك اللجان التي كن عضواً فيها . وخصصت مقالاتهن و مواضيع السياسية و الاجتماعية و الثقافية المنشورة في الجرائد والمجلات ذلك الوقت لبحث عن الاوضاع السياسي والاجتماعي و الثقافي في كردستان.


## Abstract


**( The role of Erbil women in legislative assembly of autonomous region of Kurdistan between 1975-1991 according to Kurdish newspapers and magazines )**

Historical study aims to assess the role of Erbil women in the above mentioned legislative assembly , as reflected in Kurdish media , i.e. Kurdish newspapers and magazine during the years 1975-1991.

The paper was divided to a preface and three topics through which the researcher focused on the Erbili womens, as a vital part of Kurdish society, in the legislative assembly and their effect on the political, social, cultural and health conditions . All of this done according to the data extracted from Kurdish news papers and magazines issued between 1975-1991.

Despite strict control and censorship of Baath regime institutions on every sectors , and the fact that those Erbili women worked at Iraqi government establishment and most of their authorities were under the control of Baath party, but those women were able to play their political, social, organizational and cultural. They also had their effect as members of the committes formed by the legislative assembly. In addition to this they wrote many articles in Kurdish newspapers and magazines about the political , social and cultural conditions in Kurdistan
.